کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۶۸

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۶۸ – گوڵانی – مە ی ۲۰۲۵


سەروتار


## بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە بارودۆخێکدا کار و ژیان و خەباتیان بەڕێوە دەبەن کە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبییە. حیزب و هێزە ناسیۆنالیست و بورژوازییەکان لە کوردستاندا هەن و چالاکی دەکەن و هەر لە ئێستاوە خەریکە تەسەوری خۆیان لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لە ناو بیروڕای گشتیدا بانگەشە دەکەن. ئەم هێزانە دەیانهەوێ دامەزراندنی حکوومەتێکی پارلەمانی فێدراتیو وەک شکڵ و ناوەرۆکی سەرکەوتن بە خەڵک قالب بکەن. بە خەڵک دەڵێن کە حکوومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای سیستمی پارلەمانی، ئەو شێوازە لە دەسەڵاتە کە بە باشترین شێوە بەشداری خەڵک لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەستەبەر دەکات. دەڵێن کە خەڵک لە ژێر دەسەڵاتداریەتی حکوومەتی فێدراتیودا خواستەکانیان دێتە دێ. لە بەرامبەر ئەم پێچەوانەوێژی و پڕوپاگەندەیەی هێزە بورژواییەکاندا دەبێ حەقیقەت بە خەڵک بوترێت و ئەڵترناتیڤی شۆڕشگێڕانە و شۆرایی بخرێتە پێشیان. حکوومەتی فێدراتیو پارلەمانی کە ئەم هێزانە بەڵێنی دەدەن، هەروەک ئەزموونی حکوومەتی فێدراڵی لە کوردستانی عێراق بە ڕوونی نیشانی داوە، جەماوەری بێبەشکراوی کۆمەڵگا لە دامودەزگای ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و لە دەسەڵاتداریەتی بەسەر چارەنووسی خۆیان دوور دەخاتەوە. لە سیستمی حوکمڕانی پارلەمانیدا، مافی حوکمڕانی سیاسی لە جەماوەری خەڵک وەردەگیرێت و دەدرێتە دەست نوێنەری هەڵبژێردراوی ناو پارلەمان. لەم فۆرمەی حکوومەتدا دەنگدەران هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر کردەوەی نوێنەراندا نییە. لە نیزامە پارلەمانییەکاندا دەنگدەران هەر چەند ساڵ جارێک دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا بە دەنگدانی خۆیان بەکردەوە لە دەورونەخش نواندنی ڕاستەوخۆ لە ئیدراە و دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە. لە نیزامی پارلەمانیدا ئەگەر دەنگدەران هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر پارلەمانەوە نییە، نوێنەرانی پارلەمانیش هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی

## خەباتی کرێکاران دژبە سەرمایەداران لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا



## پێویستی چینایەتی یەکیەتی کرێکاری لەدژی بێکاری




## کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە شەست و هەشتەمین حەفتەدا؛ پێویستە پشتیوانی لەم هەڵمەتە پەرەپێبدەین

### بە یادی مانگرتنی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ۲۳ی گوڵانی ۱۳۸۹ لە نارەزایەتی دژبە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی

### درێژەی دانوستانە ئەتۆمییەکان لەژێر فشاری گەمارۆ و هەڕەشەکانی ئەمریکادا

### "دادپەروەری یانی نان لەسەر سفرەی خەڵک، نەک سەرکوتی دەنگی بژێو"

### داماوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا

### لە داخوازی و خەباتی

### کرێکارانی ئەرکانی سالس لە سەنعەتی نەوت پشتیوانی بکەین

یاساکانەوە نییە. پارلەمان دەسەڵاتەکەی سنووردارە و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی ئۆرگانە جێبەجێکارەکان، وەزارەتخانەکان، ئەرتەش، پۆلیس و ڕێکخراوە ئەمنییەکاندایە. لەم دیموکراسییە سەرمایەدارییەدا پارلەمان دەبێتە شوێنی مشتومڕ و مانۆڕی سیاسی بۆ پارتە بۆرژوازییەکان. وە ئۆرگانە جێبەجێکارەکان دەسەڵات و حوکمڕانی بۆرژوازی دەسەپێنن. لەو نیزامە پارلەمانییەدا کە هێزە بورژوا ناسیۆنالیستەکان بەڵێنی دەدەن، هەر چەند ساڵ جارێک نوێنەرانی پارلەمان دەگۆڕدرێن، کابینەی وەزیرانی دەوڵەت دەگۆڕدرێ، بەڵام پێکهاتە و ئۆرگانە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە دەستی ئەرتەش، پۆلیس و دەزگای ئەمنیەتیدا دەمێننەوە. هەر بەم هۆکارە سادەیەیە کە خەڵک ناتوانن لە ڕێگەی پارلەمانەوە داخوازییەکانیان بێننە دی. بێگومان ئەگەر ئەو تەسەورەی کە هێزە بورژوا ناسیۆنالیستەکان لە ئاسۆی سەرکەوتن لە کوردستان هەیانە بێتە دی و حکوومەتی فێدرالی کوردستان کە حکوومەتێکی بورژواییە بێتە سەرکار، ڕوون و ئاشکرایە کە هەر لە سبەینێی «سەرکەوتن»دا، خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تووشی چ چارەنووسێک دەبن.

کرێکاران، زەحمەتکێشان، هەژاران و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا نەتەنیا تێیدا هیچ دەورونەخشێکیان نابێت بەڵکوو ئەمجارە هێزە بورژواییەکان لە چوارچێوەی حکوومەتی کوردستانی فیدرالدا، ئاڵای نەتەوەیی، ئەفسانەی نەتەوەیی و سروودی نەتەوەیی وەک ئامرازێک بۆ بەلاڕێدابردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەکار دێنن. ئەمجارە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا دەبێ بۆ نیشتمانی خۆیان زیاتر کار بکەن، زیاترماڵیات بدەن، کەمتر بەکار بێنن و مانگرتن و خۆپیشاندان نەخەنە ڕێ. حکوومەتی فیدرالی کوردستان، دەسەڵاتی کەمینەی کۆمەڵگا بەسەر زۆرینەدا دەبێت. دەسەڵاتێک دەبێت کە تەنیا بورژواکان، نوخبەکانی کۆمەڵگا و سەرانی حیزبە بورژوازییەکان دەتوانن سەرکەوتنی سەرەکی بەدەست بێنن.

ئەگەر کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان نایانهەوێ ئەم چارەنووسەیان بەسەر بێت، پێویستە هەر لە ئێستاوە بیر لە داڕشتنی بناغەی دەسەڵاتی شۆرایی خۆیان بکەنەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان پێویستە بیر لە داڕشتنی پایەکانی دەوڵەتێک بکەنەوە کە هەر ژن و پیاوێکی کرێکاری سادە، هەر ئینسانێکی زەحمەتکێش بتوانێ بەشێوەی شۆرایی ئامرازەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و ڕاستەوخۆ لە حەیاتی سیاسی و ئیدارەی کۆمەڵگادا دەورونەخش بنوێنێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان بەنیازە ئیمکانی پایەڕێژی وەها دەسەڵاتێک واتە ”دەسەڵاتی شۆرایی“ بە خەڵک نیشان بدات. کۆمەڵە دەیهەوێ زەرورەتی دەسەڵاتی شۆرایی بکاتە ئاگایی گشتی خەڵکی کوردستان، تا لەوە کەمتر بە سەرکەوتن حیساب نەکەن و لەوە کەمتریان قەبووڵ نەبێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان دەیهەوێ بە خەڵک بڵێ کە بابەتی دەسەڵاتداریەتی لە کوردستانی ئازادکراو مافی ڕەوای کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانە و کۆمەڵە ئامادە نییە لە داهاتوودا لەگەڵ هیچ حیزب و گرووپێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات دانوستان و وتووێژ بکات. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەیهەوێ نیشان بدات کە دوای تێکشکاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ماشێنە سەرکوتەکەی لە کوردستان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەڵکی فەقیر و بێبەش کە



زۆرینەی کۆمەڵگا پێک دێنن، دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. دەیهەوێ نیشان بدات پێکهاتەی شۆرایی، ئەوپەڕی ئیمکانی بەشدرای جەماوەر لە دەسەڵاتدا دابین دەکات. لە حکوومەتی شۆراییدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئەندامێکی دەوڵەت بە حیساب دێن و لە ڕێکخستنی دەوڵەتدا جێگایان هەیە. لە دەسەڵاتی شۆرشگێڕانە لەسەر بنەمای شۆراکان، کە لە بەرنامەی کۆمەڵەدا تەئکیدی لەسەر کراوە، خەڵک لە شۆرای گەڕەکەکاندا ڕێکدەخرێن و دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان لە دەستدایە و هەر کات ئیرادە بکەن دەتوانن نوێنەرانی خۆیان بانگ بکەن و لەسەر کار لایان بەرن. وە بەمجۆرە هەموو تەشریفات و بەربەستە بوروکراتیکەکان لە بواری هەڵبژاردندا هەڵدەوەشێتەوە و نامێنێت. حکوومەتی شۆرایی کە مافی ئازادانەی لەسەر کار لابردنی هەڵبژێردراوان لە هەموو کاتێکدا بە خەڵک دەدات، هەتا کاتێک ئەم مێکانیسمە بەرقەرار بێت، گەندەڵی هەڵناگرێت. بەمجۆرە، گەندەڵی ئیداری، کە نەخۆشی لەمێژینە و درێژخایەنی هەموو حکوومەتە بورژوازییەکانە، بەهۆکاری بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک بۆ هەمیشە بنبڕ دەبێت. لە ئیدارەی شۆراییدا، هەموو کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و هەر کات زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەتوانن لەسەر پۆستەکەیان لایان بەرن. لە ئیدارەی شۆراییدا، بەرپرسان لە باڵاترین ئاستدا وەک خزمەتگوزار کار بۆ خەڵک دەکەن و بەقەد کرێکار یان بەرهەمهێنەرێکی شارەزا حەقدەست وەردەگرن. هەربۆیە جەماوەرێک کە لە نیزامی شۆراییدا ڕێکخراون، هەم داڕێژەری یاسان و هەم بەڕێوەبەری یاسا. ئەوەیکە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان تەئکیدی لەسەر دەکرێت، دەسەڵاتی شۆراییە کە لە سەرەوەوە کۆنگرەی سەرانسەریی نوێنەرانی شۆراکان و لە خوارترین ئاستیشیدا شۆرای شار و گوندەگان و شوێنی کارە. وە لەڕێگەی سیستمی شۆراییەوە ڕاستەوخۆ وەک ئەندامێکی دەوڵەت لە بواری دەسەڵاتدا دەوری چالاکانە دەبینن و لەڕێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆنگرەی ناوچەیی، ئەیالەتی، مەحەلی و سەرتاسەری لە هەموو بوارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن. هێزی چەکداری مەحەلی لەژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکاندایە و ئەرکی بەرگری لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشە و دەستدرێژی دەوڵەتی ناوەند و یان هەر هێزێکی تری وەئەستۆ دەبێت. ئەم هێزە مافی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا نابێت

کۆمەڵە هەر لە ئێستاوە بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان گەڵاڵە کردووە و هەوڵ دەدات لە کاتی خۆیدا لەلایەن نوێنەرانی سەرتاسەری خەڵکی کوردستانەوە پەسندی بکات تا بیخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە

گشت ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، داواکاری ڕەفاهی و فەرهەنگی، ماف و داخوازییەکانی ژنان لە بواری بەرابەری تەواو لەگەڵ پیاوان، مافی منداڵان، ڕێوشوێنی پاراستنی ژینگە، هەروەها بنەماکانی یاسایەکی کاری شۆڕشگێڕانە کە لە بەرنامەی لانیکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هاتووە، لە کوردستانی ئازادکراودا دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە کوردستانی ئازادکراودا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە مانای ئازادی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دابین دەکرێت و بارودۆخی پێویست بۆ کەڵک وەرگرتنی هوشیارنە لەم مافە فەراهەم دەکرێت. خەڵکی کوردستان دەتوانن بە دابینکردنی کردەوەیی وە یان ڕەسمی بارودۆخێک کە لە بەرنامەی سەرەوەدا گونجێندراوە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن و لە ئێران جیا ببنەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن لە بارودۆخی بەرقەراربوونی حکوومەتێکی کرێکاری وە یان لە بارودۆخێکی دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە، بە دابین کردنی بارودۆخی سەرەوە و بە گرتنەبەری سیاسەتی هوشیارانەی پەروەردەیی و فەرهەنگی، هەموو جۆرەکانی نابەرابەری و ناهەماهەنگی لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەوانە نەتەوەی کورد و غەیری کورد کۆتایی دێت و پێناسی ئینسانی تاکەکانی سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ڕێگای پێکەوەژیانیان وەک ئینسانی ئازاد و یەکسان هەموارتر دەبێت. بێگومان وەها کۆمەڵگایەک لەگەڵ دیاردەی ستەمی نەتەوایەتی نامۆ دەبێت

❊❊❊

# خەباتی کرێکاران دژبە سەرمایەداران لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا

ڕۆژی یەکی مانگی مەی بەرابەر لەگەڵ ١١ی گوڵان، ڕۆژی نیشاندانی هاوپشتی چینایەتی کرێکارانی جیهان لەدژی نیزامی سەرمایەداری لە سەرتاسەری جیهان بوو. لەم ڕۆژەدا کرێکاران، یەکیەتی و سەندیکا کرێکارییەکان و هەروەها ڕەوتە چەپ و کۆمۆنیستەکان وێڕای ڕاگەیاندنی خەباتیان لەدژی گشت نیزامی سەرمایەداری، لە زۆرێک لە وڵات و شارەکانی جیهان هاتنە سەر شەقامەکان و بە دەنگی ڕەسا ڕایانگەیاند ئێمە کرێکاران کە خوڵقێنەران و بەرهەمهێنەرانی هەموو ئیمکاناتی ژیانی کۆمەڵگاین، لە نیعمەتەکانی کارمان بێبەرین. ڕایانگەیاند لە نیزامی سەرمایەداریدا ئێمە لەلایەن سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیانەوە دەچەوسێینەوە. لەم نیزامەدا کەمینەیەکی زۆر بچووک لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەرکوتگەری ئەرتەش و پۆلیس و بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمی ئیداری و قەزایی و ناوەندە فەرهەنگییەکانی دەستکردی خۆیان، هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان کە زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگان، بە وەحشیانەترین شێوە دەچەوسێننەوە و ئیمکاناتی کۆمەڵگا و بەرهەمی کار و ڕەنجی کرێکاران تاڵان دەکەن. ئەم کەمینە یەک لەسەدییە، ژیان و گوزەرانی باقی کۆمەڵگاشی خستووەتە ژێر مەترسی لەناوچوون. ئەم نەزمە پێچەوانەیەی کۆمەڵگا دەبێ بە هێزی ڕێکخستن و هاوپشتی چینایەتی ژێروژوور بکەین

ئەمساڵ چینی کرێکار لە کاتێکدا ڕۆژی یەکی مەی بەڕێوەبرد کە قەیرانی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری توندتر بووە. لە وەها بارودۆخێکدا، لە ئەمریکا و لە زۆرێک لە وڵاتانی ئوروپا ڕاستترین باڵی سەرمایەداری دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و بە پەرەپێدانی بەتایبەت کردن و بێکار کردن، پانتایی هەژاری و برسیەتییان پەرەپێداوە. بە وەڕێخستنی شەڕی ماڵوێرانکەر، بە داسەپاندنی تێچووی شەڕ بەسەر سفرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا و بە فرۆشتنی چەکی ئەنبارەکانیان چەکوچۆڵیان بۆ درێژەی شەڕ لە ئۆکراین، غەززە، لۆبنان، یەمەن، سووریە، سوودان و شوێنەکانی دیکە، بوونەتە هۆی کوشتار و وێرانبوونی کۆمەڵگا و ئاوارەیی ملیۆنان ئینسان. لەماوەی ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بۆ کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە و دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری بە وێرانکردنی بێوێنەی ژینگە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان لەگەڵ مەترسییە کارەساتبارەکانی ژینگە بەرەوڕوو کردووەتەوە. فشاری ئەمریکا و ناتۆ بۆسەر دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری ئورووپا بۆ تەرخانکردنی زیاتر لە ٣٪ی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ بوودجەی نیزامی لەپێناو دابینکردنی تێچووی بەرینی شەڕی ناتۆ لەگەڵ ڕووسیە لە ئۆکراین، هۆکارێکی دیکەی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری، گرانی و هەژاریی زیاتری خەڵکی ئەم وڵاتانە بووە. تا جێیەک کە خەڵک ناچار بوون هێندێک لە کاڵا خۆراکییەکان لەسەر سفرەکانیان لابەرن

لە وەها بارودۆخێکدا ئاستی حەقدەستەکان لەگەڵ گرانی و چوونەسەری خێرای خەرجییەکانی ژیانی بنەماڵەکان یەک ناگرێتەوونە. هەربۆیە بردنەسەری ئاستی حەقدەست، هێنانە خواری سەعاتی کار، دابینکردنی بیمە و باشترکردنی بارودۆخی کار بەشێک لە دروشمی داخوازییەکانی کرێکاران لەم ڕۆژەدا بوو. بەڵام چینی کرێکار لە مەراسمەکانی ڕۆژی کرێکاری ئەمساڵیشدا جیا لە گەڵاڵەکردنی داخوازی ئابووری، لەسەر داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی و باقی توێژەکانی کۆمەڵگا لەوانە مافی خۆڕێکستنن، لابردنی جیاکاری لەسەر کرێکارانی کۆچبەر، بەرابەری مافی ژنان لەگەڵ پیاوان، قەدەغەکردنی کاری منداڵان، پەروەردە و دەرمانی بەخۆڕایی، دژایەتی لەگەڵ شەڕ و کوشتار لە ئۆکراین، غەززە، دژایەتی لەگەڵ ئێعدام، بەرگری لە ژینگە، یارمەتیدان بە قوربانییانی کارەساتە سرووشتییەکان و هیتر تەئکیدیان کرد. بەمجۆرە، چینی کرێکار لە ڕۆژی یەکی مەی ئەمساڵدا ئاڵای ئیعتراز




بەو بارودۆخە فەلاکەتبارەی کە سەرمایەداری بەسەر ئینسانی ئەمڕۆیدا سەپاندووە بەرز کردەوە و بە دروشمەکانی خۆی جەختی لەسەر داخوازی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا کرد

ئاستی بەشداریکردنی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگا و ڕەوت و ئینسانە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کۆبوونەوە و ڕێپێوانەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار بەتایبەت لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ نموونە لە ئەندۆنێزی، تایوان، کۆرەی باشوور، فیلیپین، بەنگلادێش، هێندووستان، ژاپۆن و هیتر، زۆر بەرینتر لە ساڵانی ڕابردوو بوو. هەر ئەمە خۆی نیشانەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی چەوساندنەوەی هێزی کار لەلایەن سەرمایەداران و پەرەسەندنی گرانی و هەژاری و بێکارییە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە میدیاکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری بەتایبەت لە وڵاتانی ئورووپایی فریوکارانە هەوڵیان دا بە ئاماری ساختە و ناڕاست بەرینایی ڕێپێوانی نارەزایەتی کرێکاران لە یەکی مانگی مەیدا کەمتر نیشان بدەن و داخوازیەکانیان بۆ پرسی سنووردار دابەزێنن و یان لە بەرامبەریدا بێدەنگیان گرتە بەر.

حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی ئەردۆغان لە تورکیە، نیگەران لە پەرەسەندنی نارەزایەتییە کرێکارییەکان، لە ڕۆژی جیهانی کرێکاردا هێزە چەکدارە سەرکوتگەرەکانی خۆیان ڕژاندە سەر شەقامەکان و کۆبوونەوە و ڕێپێوانی کرێکارانیان دایە بەر هێرشی وەحشیانە و ژمارەیەکیان لێ دەستبەسەر کردن. دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان لە تورکیە لە دژایەتی لەگەڵ کرێکاران لەم ڕۆژەدا لە کردەوەیەکی بێشەرمانە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە کۆبوونەوە و ڕێپێوانەکانی ڕۆژ جیهانی کرێکار، هەموو هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی، لەوانە مێترۆ، ئۆتۆبووس، کەشتی، بەلەم و هێڵەکانی دیکەی هاتوچۆی لە گەورە شاری ئیستانبۆڵ ڕاگرت. هێزی سەرکوتگەری ئەمنی و پۆلیسی تورکیە لە نزیک مەیدانی "تەقسیم"، کە سوننەتەن تا ساڵی ٢٠١٣ شوێنی کۆبوونەوەی مەراسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار و ئیعترازاتی کرێکاری بوو، هێرشیان کردە سەر کرێکاران و زیاتر لە سەد کەسیان دەستگیر کرد. ئەم هێرش و دەستگیرکردنانە لەلایەن سەندیکا کرێکارییەکانی تورکیە و ناوەندەکانی بەرگریکاری کرێکاران درایە بەر نارەزایەتی و کردەوەی دژەکرێکاری حکوومەتی ئەردۆغانیان مەحکووم کرد

لە ئێران ڕژیمی کۆنەپەرست و دژەکرێکاری ئیسلامی کە ڕۆژی جیهانی کرێکار بەڕەسمی ناناسێت، هەرجۆرە کۆبوونەوەیەکی کرێکاری لەم ڕۆژەدا قەدەغە ڕاگەیاند. هێزە ئەمنیەتییەکان چەند ڕۆژ بەر لە یەکی مانگی مەی هەڕەشەیان لە چالاکانی کرێکاری کرد کە نابێ هیچ کۆبوونەوەیەکی کرێکاری بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی بەڕێوەبەرن. بەپێی ڕاپۆرتی شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان، سەرەڕای هەڕەشە و پەرەسەندنی کەشی ئەمنیەتی و سەرکوتی ڕژیم، ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی گوڵان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار، مامۆستایانی لەسەرکار و خانەنشین لە زۆرێک لە شارەکان، وێڕای ڕێزگرتن لەم ڕۆژە خوازیاری وەدیهاتنی داخوازییەکایان بوون. شۆرای خانەنشینانیش ڕایگەیاند کە لەم ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر کۆبوونەوە بەڕێوەچووە و ئەم کۆبوونەوانە لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامییەوە هێرشیان کراوەتە سەر. ژنانی تێکۆشەری بەندکراو لە زیندانی ئێڤین، مەراسمی ڕۆژی جیهانی کرێکاریان بە بەرنامەیەک کە بریتی بوو لە وتار، چالاکی فەرهەنگی و گفتوگۆ، بەڕێوەبرد. کرێکارانی ئەرکانی سالسی شیرکەتی نەوتی فەلاتی قارە لە ١١ی گوڵاندا بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان کۆبوونەوە و وێڕای ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی کرێکار، هاوخەمی و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووانی سەکۆی ڕەجایی بەندەرعەباس و خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕاگەیاند. لە کرماشان ئەنجومەنی مامۆستایانی لەسەرکار و خانەنشینی کرماشان، خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی، خانەنشینانی موخابرات و علوومی پزشکی پارێزگای کرماشان لە حەرەکەتێکی یەکگرتووانەدا، وێڕای ڕێزلێنان لە یەکی مانگی مەی ڕۆژی کرێکار، بەدواداچوونیان بۆ داخوازییەکانیان کرد

❊❊❊


# بە یادی مانگرتنی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩
# لە ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی

ڕۆژی ٢٣ی مانگی گوڵان پازدەهەمین ساڵیادی مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان بەدەستی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییە. لە سێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و چوار زیندانی سیاسی دیکە لە ڕێکەوتی ١٩ی گوڵان لەگەڵ شەپۆلێکی تورەیی و ناڕەزایەتی لە شارەکانی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. خەڵک لە شارەکانی کامیاران، سنە و سەقز دەستبەجێ کاردانەوەیان نیشان دا. دایکی فەرزادی کەمانگەر، لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئێعدامی ڕۆڵەکەی، لە شەقامەکانی شاری کامیاران حازر بوو و لەسەر درێژەدانی ڕێگای ڕۆڵە خەباتکارەکەی پێداگری کرد. تێکۆشەرانی شاری کامیارانیش لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە دەستبەجێ ڕژانە شەقامەکانی شار و لەماڵی فەرزاد حازر بوون. ئەوان وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ دایکی بوێر و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی ئەم موعەلیمە تێکۆشەرە، نەفرەت و بێزاری خۆیان لەئاست ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی

بنەماڵەی هەر پێنج چالاکی سیاسی ئێعدامکراو، دەستبەجێ دوای بیستنی ئەم هەواڵە ڕایانگەیاند کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی گوڵان لە ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی ڕۆڵەکانیان لە بەرامبەر زانکۆی تاران کۆدەبنەوە. ئەوان بەشێوەیەکی بەرین لە لایەن تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەنە سیاسییەکانەوە پاڵپشتی کران. هێزەکانی پۆلیس بۆ پێشگرتن لەم گردبوونەوەی ناڕەزایەتییە، لە زانکۆی تاران و دەوروبەری جێگیربوون. بنەماڵەکان و خەباتکاران چوونە بەردەم زیندانی ئێڤین و تورەیی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم دەسەڵاتە دژەئینسانیە نیشان دا. زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ورمێ، ئێڤین و گۆهەر دەشتی کەرەج ڕێزیان لە یادی فەرزاد و چوار زیندانی سیاسییەکەی دیکە گرت. نووسەران و شاعیران تورەیی و بێزاری خۆیان لەسەر ئەم تاوانە نووسییەوە. ئێعدامی ئەم پێنج زیندانییە سیاسییە لەئاستی جیهانیدا دەنگی دایەوە. هەندێک لە ڕۆژنامەکان لەوانە گاردیەنی چاپی لەندەن نووسی: "ئەو ڕژیمەی ڕوودانی بوومەلەرزە بە پۆششی ژنانەوە پەیوەند دەدات، هیچ ئێعتبارێکی نییە بۆ ئەوەی چالاکانی مەدەنی بە دانانی بۆمب پەیوەند بدات"

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە مانۆڕی هێزی سەرکوتگەر و بە بەڕێوەبردنی حکوومەتی نیزامییەکی ڕانەگەیەندراو لە شارەکانی کوردستان بەپەلە هەوڵی دا لە هەڵچوونی تووڕەیی خەڵکی خەباتکار ڕێگری بکات. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ نیشاندانی عەزم و ئیرادەی یەکگرتووانە و هاوپشتی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەرامبەر بەم جەنایەتە، بانگەشەی بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵان لە سەرتاسەری کوردستان کرد. بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لەم ڕۆژەدا، لەلایەن هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە بەشێوەی بەرین پێشتوازی لێکرا و خەڵکی کوردستان لە ئاستی جەماوەریدا وڵامی ئەرێنییان بەم بانگەوازە دایەوە و لە شارەکانی کوردستان مانگرتن بەڕێوەچوو

گرینگترین و سەرەکیترین پەیامی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩، ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی تر و ئەم جارەش لێبڕاوانە بە گشت کۆماری ئیسلامی و بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئەم ڕژیمە و بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی ئینسانەکان بەخاتری بیر و باوەڕ و هەڵبژاردنی سیاسییان، نایەکی گەورەیان وت و تووڕەیی و بێزاری قووڵی خۆیان یەکپارچە و یەکگرتووانە نیشان دا. ئەم مانگرتنە بێجگەلە نیشاندانی یەکگرتوویی و یەکڕیزی خەڵکی تێکۆشەر و نفووزی کۆمۆنیستەکان و ڕێبەری کۆمەڵە، بۆ هەموو ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان لە سەرتاسەری ئێرانیش هەڵگری دوو پەیام بوو. یەکەم ئەوەیکە بزووتنەوەی



ئازادیخوازانە و یەکسانیخوزانەی سەرتاسەری ئێران دەتوانێ پشت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و بەهێزی کوردستان ببەستێت و بۆ بەهرەمەندبوون لەم پشتیوانە قایمە، دەبێ بەهێزتری بکات. دووهەم ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جیا نییە و ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی پێویستی بە حمایەت و پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری ئێران هەیە

مانگرتنی گشتی کوردستان وەک ڕووداوێکی سیاسی مێژوویی، نەک هەر وەبیرهێنەرەوەی خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بۆ نەسلی شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی بوو و ڕووداوە مێژووییەکانی کۆچی مەریوان، کۆبوونەوەی بەرین و یەک مانگەی شاری سنە و شەڕی ٢٤ ڕۆژەی ئەمشارەیان وەبیردێنێتەوە، بەڵکوو قوتابخانەیەکی فێرکاری بوو بۆ نەوەی گەنجی بەسۆز بۆ پراکتیزەکردنی خۆدەربڕین و نیشاندانی هێزی ڕێکخراو. بۆ ئەوەی خۆیان بۆ خەباتی داهاتوو ڕێکخراوتر و ئامادەتر بکەن. مانگرتنی سەرکەوتووانەی کوردستان، جگە لە پەیام و دەستکەوتە بەنرخەکانی، مۆدێلێکی کاریگەری لە خەبات دژ بە سیاسەتە تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر کرد، کە ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان بەکاری بهێنن و بە کەڵک وەرگرتن لەم فۆرمەی خەبات تێکۆشانەکانیان پێش بخەن، سەرکەوتنی بەنرخ بەدەست دێنن. مۆدێلی مانگرتنی سیاسی گشتی و سەرتاسەری پێویستە بچێتە ناو کارگە و ناوەندە سەرەکییەکانی کار و بەرهەمهێنان، بۆ خوێندنگە و زانکۆ و ناوەندە خزمەتگوزارییەکان

یەکڕیزی و یەکپارچەیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و مانگرتنە سیاسییە سەرتاسەریەکەیان، جگە لەو پەیامانەی کە بۆ جەماوەری ئازادیخواز و یەکسانیخواز هەیبوو، بۆ بەکرێگیراوانی مەحەلیش کە سەرشۆڕانەترین ژیانیان هەڵبژاردووە، هەڵگری هۆشدارێکی جیددی بوو! هۆشدارەکە ئەوەیە کە ڕێگای ژیانی شەرافەتمەندانە نەبەستراوە و بەقازانجیانە دەست لە مزدووری هەڵگرن و چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ڕژیمێکی جەنایەتکارەوە گرێ نەدەن کە خەڵک بڕیاری ڕووخاندنیان داوە. تا دەرەنگ نەبووە دەست لە وەردکەخۆری و سەرشۆڕی هەڵگرن و ڕێگای ژیانی سەربەرزانە هەڵبژێرن

مانگرتنی گشتیی ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٣٨٩ بە بانگەوازی کۆمەڵە، هەڵگری ئەم پەیامەش بوو کە ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی و باوەڕی ئەوان کە بەشێوەی بنەڕەتی بیر لە ماف و ئازادی و یەکسانی ئینسان دکەنەوە و لێبڕاوانە بۆ وەدیهاتنی خەبات دەکەن، دەتوانێ بەرینترین جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا بێنێتە مەیدان و وەحەرەکەتی بخات. ئەم پەیامە بەڕوونی ئەوەمان پێ دەڵێ کە بۆ کۆرتکردنەوەی دەستی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە گیانی کەسانێک کە بە هۆی عەقیدە و بیروباوەڕیان لە زیندانەکاندا ڕاگیراون، دەبێ ڕێکخراو و یەکگرتوو بێینە مەیدان. دەور و نەخشی ڕێبەری و کاریگەری ڕەوتی کۆمۆنیستی لەسەر ئەم مانگرتنە چەند ملیۆنییە لە کوردستان، لە هەمان حاڵدا وەبیرهێنەرەوەی ئەم بابەتەش بوو کە وەهم و خۆشباوەڕی دروستکردنی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لەئاست شەپۆلی سەوزی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. ئەم مانگرتنە بیری هێنایەوە کە چون بەشداری بەربڵاو و بەهێزی ئاراستەی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی دەتوانێ وەهمی ناسیۆنالیستەکان لەئاست ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت بەئامانجی بەلاڕێدابردنی خەباتی خەڵکی وەگیانهاتوو، پووچەڵ بکاتەوە

وەڵامی ئەرێنی خەڵک بە بانگەوازی کۆمەڵە، کە هاوڕێیەتی لایەن و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانی لێکەوتەوە، نیشانی دا کە: جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز متمانەی قووڵیان بە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان هەیە، و ئامادەن لە بانگەوازیان پێشوازی بکەن و ڕێنوێنییەکانیان جێبەجێ بکەن

❊❊❊

# درێژەی دانوستانە ئەتۆمییەکان لەژێر فشاری گەمارۆ و هەڕەشەکانی ئەمریکادا

خولی چوارەمی گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە مەسقەت پایتەختی عومان ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی مانگی گوڵان بەڕێوەچوو. ئەم دانوستانەش کە سێ کاتژمێری خایاند هەروەک سێ دانوستانەکەی پێشوو لە پشت دەرگای داخراو و بە بێ بەشداریی هەواڵنێران بەڕێوەچوو. بەڵام بەپێچەوانەی ڕابردوو، بۆ خولی داهاتووی گفتوگۆکان کات و شوێن دیاری نەکرا. لایەنەکانی ئەم دانوستانە، جارێکی تر بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی بدەن، تەنیا باسێکی گشتی و ناڕوونیان کرد و بۆ نموونە وتیان گفتوگۆکان باش بووە و لە کەشێکی ئارامدا بەڕێوەچووە و هیتر. لێدوانەکانی عێراقچی و ویتکاف دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی چوارەم، بەپێچەوانەی قسەکانی چەند ڕۆژ پێشتریان، بەڕواڵەت نیشانەی ڕەزامەندیان لە گفتوگۆکان بوو. وەزیری دەرەوەی عومانیش بە هەمان شێوە، ڕۆژی یەکشەممە دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆکان باسی لە بوونی „ئیدەی بەسوود و داهێنەرانە" کرد و وتی لایەنەکان تامەزرۆی گەیشتن بە „ڕێککەوتنێکی ڕێزدارانە"ن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، عێراقچی ئەم خولەی دانوستانەکانی زۆر دژوار و ڕاشکاوانە ناوبرد.

بڕیار بوو ئەم کۆبوونەوەیە لە ١٣ی گوڵاندا لە ڕۆم بەڕێوە بچێت. بەڵام بە هۆکاری گۆیا لۆجیستیکی ، کات و شوێنەکە گۆڕدرا و بەسەرنجدان بەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ناوەڕۆکی دانوستانەکان بە نهێنی بهێڵێتەوە، لە عومان بەڕێوەچوو. بەڵام لە خولی چوارەمی دانوستانەکاندا، بە پێچەوانەی خولەکانی پێشوو، ئەو شارەزا تەکنیکیانەی کە بەرپرسیارن لە لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکانی هەڵگرتنی سزاکان، بەشێک نەبوون لە تیمی دانوستانکار و ئامادە نەبوون. ئەم بابەتە لەگەڵ لێدوانە ناتەباکانی ترامپ و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی ئەمریکا نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا بایەخ بە فەراهەم کردنی بارودۆخ بۆ پێشخستنی دانوستانێکی جیددی نادات. کەناڵی „سی ئێن ئێن" ڕایگەیاند کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەدوای گەڵاڵەکرانی مەرجە نوێیەکانی ئەمریکا، ڕایانگەیاندووە کە وەستاندنی بەحەفتەی گفتوگۆکان لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئامادەکردنی سێناریۆیە بەئامانجی بەرەو شکست بردنی.

لە ڕۆژانی پێش خولی چوارەمی دانوستانەکان، ویتکاف، نوێنەری ترامپ بۆ دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بە شێوەی هەڕەشەئامێز و سووکایەتیپێکەرانە ڕایگەیاند: „کۆماری ئیسلامی لە چاو دە ساڵ لەمەوبەر لە پێگەیەکی زۆر لاوازتردایە. هەربۆیە هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە جگە لە قبوڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتن و هەڵوەشاندنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی. ئەگەر دانوستانەکانی ڕۆژی یەکشەممە ئاکامی نەبێت، درێژەی نادەین و ڕێگایەکی دیکە دەگرینە بەر". ناوبراو بەپێچەوانەی لێدوانەکانی پێشووی، وێڕای ڕاگەیاندنی زیادکردنی مەرجەکانی ئەمریکا بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتی: ئێران دەبێت بەتەواوی هەموو سایت و سەنتەرفیوژ و دامەزراوە ئەتۆمییەکان لە نەتەنز، ئیسفەهان و فۆردۆ کۆبکاتەوە. پیتاندنی ئۆرانیۆم لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە ناوەوە، بۆ ئەمریکا هێڵی سوورە و نابێ ئەنجام بدرێت".

لە لایەکی دیکەوە عەباس عێراقچی لە چەند ڕۆژی پێش کۆبوونەوەی چوارەمدا ڕایگەیاند کە: „لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پەیامی دژبەیەکمان لە ئەمریکاوە پێگەیشتووە. ئامانجی ئەمریکا لە دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بێبەش کردنی ئێمە لە مافە ئەتۆمییەکانمانە. ئێمە دەستبەرداری ئەو مافە نابین و پاشەکشە ناکەین".

هەڵبەت تا ئێستا لە کۆشکی سپیدا بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی هەبووە و پێدەچێت ئیدارەی ترامپ سیاسەتێکی یەکگرتوو و ڕوونی لەو بارەوە نەبێت. لە سەرەتای دانوستانەکاندا بەشێک لە بەرپرسانی ئەمریکا پیتاندنی یۆرانیۆمیان بەڕێژەی ٣.٦٧ بۆ کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێراندا بە ڕێگەپێدراو دەزانی. هەندێکی تریش دەڵێن کە پیتاندن لە ئێران




هێڵی سووری ئەمریکایە و نابێت درێژەی بێت و ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆ دابینکردنی وزەی „ئاشتیانە" پێویستی بە یۆرانیۆم هەبێت، دەتوانێت لە ئەمریکا بکڕێت یان لە وڵاتانی دیکەوە هاوردەی بکات. ترامپ کە گەشتێکی سێ ڕۆژەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێکردووە و سەردانی سێ وڵاتی دەوڵەمەندی سعودیە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەر دەکات، بە شێوەیەکی هەڕەشەئامێز سەبارەت بە دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندووە کە هیوادارە لەگەڵ تاران بگەنە ڕێککەوتن، بۆ ئەوەی پێش بە هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بگرێت.

بەڵام کێشەی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەند لەگەڵ قەیرانی ئابووری و هەوڵ بۆ لابردنی گەمارۆکان تەنیا ئەمریکا نییە. سێ دەسەڵاتی ئورووپا واتە فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیاش کە لەم قۆناغەدا لەلایەن ئەمریکاوە لە دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خراونەتە لاوە، وێڕای سەپاندنی فشاری زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی هەڕەشەیان کردووە کە مێکانیزمی ماشە لەدژی ڕژیم چالاک دەکەن. وەزیری دەرەوەی فەڕانسە ڕۆژی ٨ی مانگی گوڵان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند: „کۆماری ئیسلامی لە هەموو بەڵێنە ئەتۆمییەکان تێپەڕیوە و گەیشتووەتە ئاستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا لە ئەگەری هەڕەشەی ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی، دەستبەجێ هەموو سزاکان لەدژی ئێران دەگەڕێننەوە". ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕەخنەی لە ڕوانگەی تاکلایەنەی ئەمریکا لەئاست قەیرانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی گرت و واژۆکردنی هەرجۆرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە پەیوەند لەگەڵ چالاکی ئەتۆمی بە بێ بەشداری ئەم ڕێکخراوە، بە لەتە کاغەزێک وەسف کرد کە کۆماری ئیسلامی لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی نزیک دەکاتەوە.

عەباس عێراقچی کە بە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا بۆ هەڵوشاندنەوەی گەمارۆکان ئومێدی بەستووە، لە وڵام بە هەڕەشەی دەسەڵاتەکانی ئورووپا، لە یادداشتێکدا وێڕای ئینفعالی وەسف کردنی هەڵوێستی ئێستای ئەم سێ دەوڵەتە ئورووپاییە، ستراتێژی ئەوانی لە پەیوەند لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی واتە „چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە" بە مەترسیدار ناوبرد و وتی ئەم ستراتێژییە دەتوانێ قەیرانێکی نوێ لە بواری پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمیدا پێکبێنێت.

واقعییەت ئەوەیە کە قەیرانی کۆماری ئیسلامی هێندە قووڵ و بەرینە کە کۆمەڵگای ئێرانی گەیاندووە ئاستی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی. لەئێستادا کە سیاسەت و ستراتێژی پڕ هەزینەی ژئۆپۆلیتیکی حکومەتی ئیسلامی شکستی خواردووە و تاقمەکانی بەناو „میحوەری موقاوەمەت" لێک بڵاو بوون، ستراتێژی ئەتۆمی ڕژیمیش لەژێر فشاری ئەمریکا لەلایەک و دەسەڵاتە ئورووپاییەکان لەلایەکی دیکەوە بەرەوڕووی هەمان چارەنووسی شکست و ناکارامەیی بووەتەوە. لە وەها باروودۆخێکدا کە خامنەیی بە خواردنەوەی جامی ژەهری دانوستان و سازان لەگەڵ ئەمریکا، دەیهەوێ لە ژێر فشاری گەمارۆکاندا پشتی ڕاست بکاتەوە، دانی بەوە داناوە کە دەسەڵاتەکەی لەگەڵ مەترسی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانە بە زەبری خەباتی ڕیشەداری کرێکاران، زەحمەتکێشان و هەژارانی کۆمەڵگا بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەو مەترسییەی کە نە خامنەیی و نە کادری ڕێبەری سپای پاسداران بە تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکاشدا ناتوانن لەسەر خۆیانی لابەرن.

***

بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:

alternative-shorai.tv

# وتەیەک بەبۆنەی ١٢ی گوڵان ڕۆژی مامۆستا

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەباتی مامۆستایانی ئێراندا ڕۆژی ١٢ی گوڵان وەک ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. ٦٤ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٤٠دا هەزاران مامۆستا بە داخوازی بردنەسەری مووچەی مانگانە لە بەهارستان کۆبوونەوە و خوازیاری دیدار لەگەڵ سەرۆکی مەجلیس بوون. هێزەکانی پۆلیسی ڕژیمی پەهلەوی هێرشیان کردە سەر ئەم کۆبوونەوەیە و بە باتۆم و ئاوپاش هەڵیان کوتایە سەریان. لەم ڕۆژەدا سەرۆکی کەڵانتەری بەهارستان، سەرگورد ناسر شەهرستانی، بەرەو مامۆستایانی خەباتکار، لەوانە ئەبولحەسەن خانعەلی، مامۆستا و خوێندکاری قۆناغی دوکتورای فەلسەفەی تاران تەقەی کرد کە بەهۆیەوە گیانی بەختکرد و دوو مامۆستای دیکەش بریندواربوون. لە ڕێکەوتی ١٨ی گوڵانی هەمان ساڵدا، کۆبوونەوەی بەرینی مامۆستایان، بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک ڕۆژی ١٢ی گوڵانی بە یادی مانگرتنی مامۆستایان و ڕێزگرتن لە یادی دوکتور خانعەلی، وەک ڕۆژی مامۆستا ڕاگەیاند و دیارییان کرد کە لەم ڕۆژەدا هەموو ساڵێ هەموو خوێندنگا و ناوەندە فەرهەنگییەکان لە سەرتاسەری وڵات دابخرێن. حکوومەتی پەهلەوی لەژێر گوشاری خەباتی مامۆستایاندا ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی مامۆستا بەفەرمی ناسی.

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە هەوڵی دا کە ئەم ڕۆژە مێژووییە لە ناوەرۆکی خەباتکارانەی خۆی بەتاڵ بکات. ڕژیمی ئیسلامی تیرۆری مورتەزا موتەهەری، سەرۆکی شۆرای دژەشۆڕشی ئیسلامی و یەکێک لە تیۆریسیەنە کۆنەپەرستەکانی لە یازدەی گوڵانی ١٣٥٨دا بە دەرفەت زانی و هەوڵی دا ١٢ی گوڵان ڕۆژی مامۆستا بەناوی ئەم تیۆریسیەنە کۆنەپەرستە ئیسلامییەوە بکات. بەڵام ئەم ساختەکارییە هیچکات لەلایەن کۆمەڵگەی مامۆستایانی ئێرانەوە قەبووڵ نەکرا و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بەخاتری خەباتی مامۆستایان و مەرگی مامۆستای گیان بەختکردوو دوکتور خانعەلی، ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی مامۆستا دەزانن.

مامۆستایانی ئێران بە هەبوونی پێشینەی خەباتکارانە و بەرهەنگاری بوونەوەی خەباتیان لەگەڵ هێزە سێکۆلار و چەپەکان هەمیشە لە بواری پێگەی پیشەیی و سیاسییەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتوونەتە ژێر گوشاری بەرین و سەرکوتەوە. لە بارووددۆخی ئێستادا نزیکەی سێ لەسەر چواری مامۆستایانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاری دان. لە پەنا ئەم ژمارەیە لە مامۆستایان، کۆمەڵێک سیخوڕ و ڕاهاتووی ڕانتخۆری حەوزەکان بوونیان هەیە کە ئەمانە بەرپرسی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی دژەکلتووری ڕژیم لە ناوەندەکانی فێرکردنن. ئەم گەڵاڵانە لەناو خودی وەزارەتی پەروەردە و بارهێناندا لەلایەن حەوزە و ناوەندەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی، دەزگاکانی سیخوڕی سپا، بەسیج و وەزارەتی ئیتلاعاتەوە ئامادە دەکرێن و بەکردەوە دەردێن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی پتر لە چوار دەیە لە دەسەڵاتی خۆی بە دەخاڵەت دانی مەزهەب لە بابەتی پەروەردە و بارهێناندا هەوڵی داوە تا خوێندنگە و زانکۆکان بکاتە ناوەندی بانگەشە و پەرەپێدانی جەهل و خورافەی ئایینی.

مامۆستایان سەرەڕای پاکتاوکران، بەدیلگیران و ئەشکەنجە و ئێعدامی مامۆستایانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ لەلایەن



ڕژیمەوە بەتایبەت لە دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە بەرەو ئەملا خەباتی خۆیان دەست پێکردەوە. لەم ساڵانەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان، کەسایەتییەکانی وەک مامۆستای شۆڕشگێڕ و خەباتکار فەرزاد کەمانگەر، هاشم شەعبان نەژاد "شاعیر و وێبڵاگنووس"، هادی ڕاشێدی ئێعدام کرد و چەندین مامۆستای تێکۆشەری دیکەی خستە زیندانەوە. بەڵام خەباتی مامۆستایان سەرەڕای گوشاری بەردەوام و ڕەشبگیری چالاکانیان، هەم لە بواری شێواز و هەم لە بواری درووشم و داخوازییەوە، بەشێوەی بابەتی لەو چوارچێوە بەرتەسکانەی کە هێندێک لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی لایەنگری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی پێناسەیان کردبوو، یەکجار واوەتر چووە و هەرچی زیاتر ناوەرۆکی سیاسی و ڕادیکاڵی بەخۆوە گرتووە.

لەڕاستیدا دوای ئاخێزە سەرانسەرییەکانی بێبەشانی شار لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ کە بەناوی ڕەمزی ژیناوە دەستیپێکرد، بزووتنەوەی داخوازی مامۆستایانیش بەردەوام قووڵتر و بەرینتر بووەتەوە. ئەم ئاخێزانە بارودۆخی سیاسییان بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی داخوازی کرێکاران و مامۆستایان و بێبەشان گۆڕی و خاڵی وەرچەرخان بوون لە پەرەپێدان و قووڵترکردنەوە و سیاسیترکردنەوەی ئەم بزووتنەوانە. لەم قۆناغەدا بەو دەلیلە کە ناڕازییان بەباشی لەوە گەیشتوون کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان لە ئاستی بەریندا بوونی نییە، ناڕەزایەتییەکانیان پانتایی سیاسی بەخۆی گرتووە و گشت ڕژیمی ئیسلامی دەبەنە ژێر پرسیارەوە. مامۆستایانی ئێران لە جەرگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بە بەرپاکردنی چەندین مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری وێڕای ڕاگەیاندنی هەڵوێستی لێبڕاوانە بەرامبەر بە هێرشی ڕژیم بۆسەر ژنان و هێرشی کیمیایی بەکرێگیراوانی ڕژیم بۆسەر خوێندنگاکانی کچان، بە وتنی "نا"یەکی بەهێز بە شانۆی هەڵبژاردنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، زەرفیەت و تواناکانی خۆیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا نیشان داوە. شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایانی ئێران لە درێژەی ئەم خەباتەدا ئەمساڵیش بەبۆنەی ڕۆژی مامۆستا و لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە ئاستەنگییەکان و بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازی مامۆستایان بانگەوازی دەرکردووە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ١١ی مانگی گوڵاندا لە هەموو ناوەندی پارێزگاکان و شارەکان کۆبوونەوەی سەرتاسەری بەڕێوەبەرن. مامۆستایان پایەیەکی سەرەکی بوون بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازییە لانیکەمەکانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە: ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، جیایی دین لە دەوڵەت و سیستەمی پەروردە، بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و بردنەسەری حەقدەست و مووچە بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و خواستی ڕێگریکردن لە خسووسی سازی و کاڵایی بوونی پەروەردە و دەرمانی بەخۆڕایی و هتد. پێشڕەوی خەباتی مامۆستایان بۆ داسەپاندنی داخوازییەکانیان و بۆ ئازادکردنی مامۆستایان و کرێکاران و گشت بەندکراوانی سیاسی، لەگرەوی یەکڕیزی و هاوپشتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لەگرەوی گرتنەبەری تاکتیکی گونجاو بۆ یەکگرتوویی و سەرتاسەری کردنەوەی زیاتری ئەم ناڕەزایەتییانەدایە.

❊❊❊

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

# سێناریۆی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی حوسییەکان لە یەمەن

لە درێژەی شەڕ و کوشتار و وێرانییەک کە ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو لە غەززە، لۆبنان و سووریە بەڕێوەی دەبەن، ماوەیەکە حوسییەکانی یەمەن وەک لقێکی دیکە لە هێزەکانی "میحوەری موقاومەت"ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نۆرەی هاتووە. دوابەدوای هێرشە مووشەکییەکانی حوسییەکان بۆ سەر کەشتییەکان لە دەریای سوور بە بیانووی "بەرگریکردن لە خەڵکی غەززە" و پەکخستنی هاتوچۆی دەریایی، هێزە ئەمریکاییەکانی جێگیرکراو لە ناوچەی کەنداو ، لە ٢٥ی مانگی ڕەشەممەوە بەردەوام و بەشێوەی بەرین هێرشی ئاسمانییان بۆ سەر پێگەکانی حوسییەکان دەستپێکردووە. "سێنتکام" فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا، ڕۆژی هەینی پێنجی مانگی گوڵان ڕایگەیاند کە لە سەرەتای هێرشە ئاسمانییەکان لەدژی حوسییەکان هەتا ئێستا زیاتر لە ٨٠٠ ئامانجیان لە ناو یەمەندا پێکاوە

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبییە، زیاتر لە ٦٥٠ ئەندامی هێزە چەکدارەکانی حوسییەکان لە ئەنجامی ئەم بۆردومانانە کوژراون. ڕۆژی ٢٩ی مانگی خاکەلێوە بەهۆی هێرشی جنایەتکارانەی ئەمریکا بۆسەر بەندەری نەفتی ڕەئس عیسا لە پارێزگای ئەلحودەیدە، ١٣٦ کەس برینداربوون و ٧٤ کەسیش گیانیان لەدەستدا کە زۆربەیان کرێکاری نەوت بوون. ڕۆژی شەممە ٦ی گوڵانیش لە ٥٤ هێرشی ئاسمانیدا بۆسەر ٦ پارێزگای یەمەن ژمارەیەک لە حوسییەکان لەوانە فەرماندەیەکی باڵا بەناوی "ئەبومۆحسن ئەلڕەساس" کوژرا. لە ماوەی مانگ و نیوی ڕابردوودا بەشێک لە سیستەمی بەرگری ئاسمانی حوسییەکان، ڕادار، سیستەمی مووشەک و درۆن، پاڵاوگەی نەوت، فڕۆکەخانەکان، ئەنبارەکانی چەک و تەقەمەنی، ناوەندەکانی فەرماندەیی و ژێرخانی سەربازی حوسییەکان لە ئەنجامی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکادا لەناوچوون

پێویستە بوترێ کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ و جینۆساید لەلایەن حکوومەتی تاوانکاری ئیسرائیلەوە لە دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە، حوسییەکان زیاتر لە ١٩٠ هێرشی سەربازییان بۆ سەر ئەو کەشتیانەی بە دەریای سووردا تێدەپەڕن ئەنجام داوە. لە ئەنجامی هێرشەکانی حوسییەکان تا ئێستا دوو کەشتی لە ئاوەکانی ناوچەکەدا نوقم بوون؛ دەستیان بەسەر کەشتییەکدا گرتووە و چوار سەرنشینیان کوشتووە؛ هەروەها لە نزیک بەندەری عەدەن هێرشیان کردووەتە سەر کەشتییەکی بارهەڵگری یۆنان. لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا ٧٠%ی کەشتییە تجارییەکان کە پێشتر لە دەریای سوورەوە تێدەپەڕین ئێستا بە ڕێگایەکی دوورتر و پڕ خەرجتردا دەڕۆن. ئامانجی حوسییەکان لەم هێرشانە کە بێ گومان بە ڕاوێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئەنجام دراوە، وەرگرتنی سەدان ملیۆن دۆلار بووە لە کۆمپانیا و خاوەن کاڵای ناو کەشتیەکان لە بەرامبەر دابینکردنی ڕێڕەوێکی سەلامەت بۆیان. هەڵبەت ئەم پارەیە نەک بۆ باشترکردنی بارودۆخی فەلاکەتباری خەڵکی هەژاری یەمەن، بەڵکوو بۆ بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی مووشەک و کەرەستەی نیزامی و بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی خۆیان خەرج کراوە

هەرچەندە ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشانە گەڕاندنەوەی ئاسایشە بۆ دەریای سوور کە بەهۆی هێرشەکانی حوسییەکانەوە پەکی کەوتووە، بەڵام بەردەوامبوون و چڕبوونەوەی ئەم قەبارەیە لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و بریتانیا و ئیسرائیل لە ماوەی شەش هەفتەی ڕابردوودا لە لایەک و ڕاهێنان و پڕچەککردنی ٨٠ هەزار هێزی یەمەن کە دژایەتی حوسییەکان دەکەن بە هاوکاری لەگەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، لە لایەکی دیکەوە، ئاماژە بە بوونی سیناریۆیەکی هاوشێوەی سووریە دەکەن بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی حوسییەکان لە یەمەن. لەم ماوەیەدا، لە ئەنجامی



هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و بریتانیا، توانا و ئیمکانات و ژێرخانی سەربازی و ئەمنی حوسییەکان وەک دوا ئەڵقەی بەناو "میحوەری موقاومەت"ی کۆماری ئیسلامی، یەکجار لاواز بووە. بە سەرنجدان بەوەی کە پێشتر ترامپ کۆماری ئیسلامی وەک بەرپرسی هەر هێرشێکی حوسییەکان ناوزەد کردبوو، حکوومەتی ئیسلامی کە ئێستا لەگەڵ ئەمریکا هێنراوەتە سەر مێزی دانوستان، تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ کاردانەوەیەک بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و حکومەتەکانی ناوچەکە لەئاست حوسییەکان نیشان بدات. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وێڕای ئەوەی ئەم هێرشە سەربازییانەی بۆ سەر حوسییەکان بە پەیامێک بۆ کۆماری ئیسلامی ناوبرد، ڕایگەیاند کە هێرشەکامنان تا ئەو کاتەی حوسییەکان بە تەواوی لەناو دەچن بەردەوام دەبن

لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی واڵستریت جۆرناڵ لە ٢٧ی مانگی خاکەلێوەدا بڵاویکردەوە کە ئیمارات لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەمریکا تاوتوی پلانی هێرشی زەمینی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حوسییەکان کردووە و ئەمریکا ڕازی بووە و بیر لە بژاردەکان دەکاتەوە. هەروەها ئاشکرای کرد کە هێزەکانی "حکومەتی یاسایی یەمەن" بە کەڵک وەرگرتن لەو لاوازییەی کە لە ڕێزەکانی حوسییەکاندا پێکهاتووە، ئامادەکاری بۆ هێرشی زەمینی بۆ سەر پێگەکانی حوسییەکان دەکات. هەروەها سی ئێن ئێن لە زاری چەند سەرچاوەیەکی دیپلۆماتیکی ناوچەیی و شیکارانی سیاسی بڵاویکردووەتەوە کە ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی هاوئاهەنگ دژ بە حوسییەکان دەکرێت بە پشتیوانی ئاسمانی ئەمریکا لە سێ ئاڕاستەی باشوور و ڕۆژهەڵات و بەدرێژایی لێوارئاوەکانی ڕۆژئاوا بۆ کۆنترۆڵکردنی بەندەری حودەیدە و شاری سەنعا. چونکە تەنها هێرشی زەمینی دەتوانێت ببێتە هۆی شکست و ڕووخاندنی حوسییەکان و کۆتاییهێنان بە دەستوەردانەکانیان

لەلایەکی دیکەوە سایتی هەواڵنێری تابناکی سەربە سپای پاسدارانیش ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی مانگی گوڵان زەبوونانە ڕایگەیاند: "هەروەک چاوەڕوان دەکرا ئەنجامی شەڕی یەمەن نەک لەڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە بەڵکوو لەسەر عەرز دیاری دەکرێت و نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە مەیدانی نەبەرد بەرەو هێرشی زەمینی بۆسەر سەنعا و حودەیدە دەڕوات". هەروەها عەلی ئەلحوسی، یەکێک لە سەرکردەکانی ئەنسارولڵا، لە تویتێکدا ئاماژەی بە جێگیرکردنی کەشتی فڕۆکەهەڵگری "کارل ڤینسۆن" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی یەمەن و دووبارەبوونەوەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ سەر پارێزگاکانی مەریب و جەوف کرد و ڕایگەیاند، مەئموورییەتی شەڕڤانانی ئەمریکا بۆردومانکردنی هێڵەکانی بەرگری هێزەکامنان و دەستپێکردنی هێرشی زەمینییە

حوسییەکان لە ساڵی ٢٠١٥ بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی توانیان شاری سەنعا پایتەختی یەمەن و هەژارترین وڵاتی ناوچەی کەنداو و پارێزگاکانی دەوروبەری بگرن. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا حوسییەکان هەموو سەرچاوەکانی کۆمەڵگایان بەکارهێناوە بۆ سەقامگیرکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە و دیکتاتۆری خۆیان. بارودۆخی ئابووری جەماوەری ستەملێکراو لەماوەی ئەم ساڵانەدا یەکجار قەیراناوی بووە و خەڵک هەژارتر و برسیتر بوون. حوسییەکان لە جیاتی هەوڵدان بۆ باشترکردنی گوزەرانی جەماوەر، بە هاوکاری سەربازی و چەکی ئامانجداری کۆماری ئیسلامی، تونێلی ژێر زەوییان هەڵکەند، بەرهەمهێنانی مووشەک و چەکی دیکەی شەڕیان پەرەپێدا، مووشەکیان بەرەو کەشتییە بازرگانییەکان لە ناوچەی هەستیار و ستراتژیکی دەریای سوور هاویشت و بوونە بەشێک لە بەناو "میحوەری موقاومەتی"ی کۆماری ئیسلامی. لەئێستاشدا بە بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتانە خەڵکی هەژاری یەمەنیان داوەتە بەر کوشتار و وێرانکاری ئەمریکا و ئیسرائیل و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری

لە وەها بارودۆخێکدا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی یەمەن، تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوپشتی و بە پەرەپێدانی ئیعتراز و خەبات لەدژی بارودۆخی ئێستا و بە ڕاکێشانی هاوپشتی بزووتنەوە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکان لەئاستی جیهاندا، تەنانەت لە ژێر دەسەڵاتی گەندەڵ و کۆنەپەرست لە باکوور و باشووری یەمەن و لەژێر سێبەری هەڕەشەی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا، دەتوانن هیوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و هیوای کۆتایی هاتنی ئەم بارودۆخە کارەساتبارە زیندوو ڕابگرن

❊❊❊

# “دادپەروەری یانی نان لەسەر سفرەی خەڵک، نەک سەرکوتی دەنگی بژێو"

لە کاتێکدا کە ناڕەزایەتی کرێکاران، خانەنشینان، مامۆستایان، پەرستاران، خوێندکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە دژی بارودۆخی فەلاکەتباری ژیان، کە کۆماری ئیسلامی بەسەریانیدا سەپاندووە، بووەتە بەشێک لە حەقیقەتی کۆمەڵگای ئێران، نانەواکانیش کە ساڵەهایە لەئاست کێشە و گرفتەکانی کارەکەیان دژبە حکوومەتی ئیسلامی ناڕازی بوون، لەگەڵ پەرەسەندنی کێشە و ئاستەنگەکانیان، لەئاستی سەرتاسەریدا دەستیان داوەتە ئیعتراز. نانەواکان لە بانگەوازێکدا لەژێرناوی “دادپەروەری یانی نان لەسەر سفرەی خەڵک، نەک سەرکوتی دەنگی بژێو” کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا




بڵاویان کردەوە، داوایان کرد کە ڕۆژی سێشەممە ١٦ی مانگی گوڵان لە سەعات ١١ی بەیانییەوە لە بەرامبەر فەرمانداری و ئۆستانداری شارەکان کۆبوونەوەی ئیعترازی بەڕێوەبەرن. لە وڵام بەم بانگەوازە، ڕۆژی سێشەممە نانەواکان لە زۆرێک لە شارەکان لەوانە ئیسفەهان، تاران، کرماشان، سنە، مازەندەران، قەزوین، بەندەرعەباس، و چەند شاری دیکە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. لەم کۆبوونەوانەدا نانەواکان لەڕێگەی بەدەستەوەگرتنی بەنێر و پلاکارد و بە وتنەوەی دروشم لەدژی سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕژیمی ئیسلامی و لەدژی بایەخ نەدانی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی بە کێشەکانیان، هاتنە سەر شەقامەکان.

کێشە و گرفتی نانەواکان کە لە دروشمەکانیشیاندا دەوترایەوە، بریتی بوو لە: چەند بەرابەر بوونی کرێی دووکان، چوونەسەری خەرجی بیمە، گران بوونی نرخی بەرق و سووتەمەنی و ئاو، گران بوونی نرخی کەرستە و ئامرازەکانی کار، نەبوونی یارانە و چوونەسەری هەزینەی خزمەتگوزاری ئیداری، پلۆمب کردنی نانەواخانەکان و هیتر. ئەوان هەروەها لەئاست بێ کفایەتی و وڵام نەداوەی دەوڵەت بە داواکارییەکانیان ناڕازین. حکوومەتی ئیفلاسی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم سینفە کە سەدان هەزار کەس لە کرێکاران تێیدا خەریکی کاری تاقەت پڕووکێنن، یارمەتی نەداون بەڵکوو بە نەدانی سەری وەختی یارانەکان، بە ئانلاین نەبوونی هەمیشەی سامانەی نان، بە سەقامگیرنەکردنی نرخی نان و بە کەمکردنەوەی سەهمیە، کێشە و گرفتەکانیانی زیاتر کردووە. داخوازی نانەواکان بریتی بووە لە پێدانی ڕاستەوخۆ و سەری وەختی یارانەکان بە خەڵک، لابردنی کارتخانی هوشمەند، واقعی کردنی قیمەتی نان بەپێی چوونەسەری هەزینە و خواستەکانی دیکە

لەو ڕۆژەدا نانەواکانی کرماشان لە بەرامبەر دەفتەری ئیتحادیەی سینفی پەیوەنیدار خوازیاری ڕاگەیاندنی دەستبەجێی نرخی نان، خستنە سەر حیسابی کۆمەک هەزینەی دواخراو، گەڕاندنەوەی موعافیەتی ٢٠%ی سەهمی بیمەی خاوەنکار و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای بردنەسەری حەقی بیمەی نانەواکان بوون کە سازمانی تەئمینی ئیجتماعی ڕۆژی یەکشەممە بۆ هەر یەک کەس ساڵانە، لە یەک و نیو ملیۆن تمەنەوە بۆ ٣ ملیۆن و نیو زیادی کردبوو. ڕاگرتنی گەشتی هاوبەش هەتا کاتی ڕاگەیاندنی نرخی عادڵانەی نان، خواستێکی دیکەی ئەوان بوو. لەسەر بەنێرە ئیعترازییەکەیان نووسرابوو “نانی باش، ئاردی باشی دەوێ، نرخ باشی دەوێ. نیگەرانی ئێمە کەمبوونی ئارد، کرێی دووکان، خەرجی ئاو، بەرق، گاز، مایەی هەویر، جەریمە و هیترە”. نانەواکانی ئیسفەهانیش ڕۆژی سێشەممە بە وتنەوەی دروشمی “هەتا کەی بەڵێن، هەتا کەی بێ کفایەتی”، “بەرپرسی بێ کفایەت، ئیستعفا، ئیستعفا” داواکاری و ئیعترازی خۆیان بەیان کرد. لەم ڕۆژەدا نانەواکانی تارانیش لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خۆیاندا وێڕای وتنەوەی دروشمی “نانینو حەیا کە، نانەوایی ڕەها کە” دژبە کردەوەی تێکدەرانەی ئەم سیستمە دەوڵەتییە کە بووەتە هۆی وەرشکست بوونی ژمارەیەک لە نانەواییەکانی سەرتاسەری ئێران، ئیعترازیان کرد

شکستی پڕۆژەکانی ڕژیم لە هەموو بوارەکان بۆ نموونە پڕۆژەکانی وەک “نانینو“ یان پڕۆژەی هوشمەند کردنی یارانەی نان، سامانەی دەرمان، سامەنەی هەدەفمەندکردنی یارانەکان و هیتر کە لە ساڵی ١٤٠١ لە سەردەمی دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵدا وەڕێیان خست، خۆیان بوونەتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری کێشەکان لەم بوارانەدا. دەوڵەتی پزشکیان لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا بەبیانووی ڕانەگەیاندنی قیمەتی ئاردی نانەواخانە “ئازادپەزەکان“، سەهمیەی ئاردی کارخانە و نانەواییەکانی دیکەشی ڕاگرتووە. بەم کارە هەم کرێکارانی نانەواییەکان و هەم خەڵکیان تووشی کێشە کردووە و هەم خاوەنانی نانەواخانەکانیش لەگەڵ چوونەسەری هەزینەکان بەرەوڕوو بوونەتەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بۆ نموونە لە شارێکی وەک کرماشان لە بەرامبەر هەزار و پەنجا ناوەندی نانەوایی بە سەهمیەی ئاردی دەوڵەتی، کەمتر لە ٣٠ نانەوایی ئازادپەز بوونی هەیە. خاوەنانی نانەواخانەکان دەڵێن: “ناتوانن نرخی نان بەپێی چوونەسەری خەرجییەکان زیاد بکەن چونکە لە بارودۆخی هەژاری و نەهامەتی ئێستادا خەڵکی هەژار ناتوانن نان بکڕن. ئەوان دەڵێن لەژێر باری فشارە ئابوورییەکاندا پشتیان چەماوەتەوە”. خاوەنی نانەواییەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە نان بە نرخی ساڵی ١٤٠٠ دەفرۆشن و بە خەرجی یەکجار زۆری ساڵی ١٤٠٤ نان بەرهەم دێنن

بەڵام حکوومەتی داماوی کۆماری ئیسلامی، لە جیاتی دابین کردنی پێداویستییەکان بۆ درێژەی کاری ئەم توێژانەی کۆمەڵگا، هەروەک نانەواکان لە سەردێڕی بانگەوازەکەیاندا نووسییان، تەنیا دەنگی داخوازی بژێوی خەڵک سەرکوت دەکات. بەپێی ئاماری ناوەندە پەیوەندیدارەکان، زیاتر لە ٨٢ هەزار یەکەی بەرهەمهێنانی نان لە ئێراندا هەن. سەدان هەزار کرێکاری نانەواخانە نێوەشەو هەتا نیوەڕۆ بە کەمترین ئیمکاناتەوە لە گەرمای سووتێنەردا کاردەکەن. بە وتەی بەرپرسی یەکیەتی نانەواکانی بۆجنوورد، “کرێکارانی نانەواخانە بە حەقدەستی ٧ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن کار دەکەن”. ئەم حەقدەستە کەمە کە چوار بۆ پێنج بەرابەر لە ژێر هێڵی هەژارییدایە، لە بەرامبەر دە سەعات کار لە بارودۆخێکی سەخت و تاقەت پڕووکێن، بە بێ بیمەکردن لەلایەن خاوەن نانەواخانەکانەوە دەدرێتە کرێکاران. بەپێی یاسای دژەکرێکاری سازمانی ”تەئمینی ئیجتماعی“ی ڕژیم، لە نانەواخانەکاندا تەنیا کاری شاتر وەک کاری سەخت لەبەرچاو دەگیرێت و باقی کارەکانی دیکەی کرێکاران کە لە بەردەم نەخۆشی و زیانەکانی ئەم پیشەیەدان، بیمە نایانگرێتەوە و خاوەنانی نانەواخانەکانیش بۆ بیمەی کرێکاران هەزینەیەک نادەن. بەڵام لە بارودۆخی قەیرانی ئابووری دەوڵەتی ئیسلامی و بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، کرێکارانی نانەواخانەکان بۆ درێژەدان بە ژیانی مەمرە و مەژییان، ناچارن ئەم بارودۆخە زیانبارە قبوڵ بکەن. بارودۆخی فەلاکەتباری کرێکارانی نانەواخانە لە کاتێکدایە کە ئەگەر ئەوان تەنانەت یەک ڕۆژ کار نەکەن، چەرخی کۆمەڵگا دەوەستێت. هەتا کاتێک کە کرێکاران لە ڕێکخراوە سەربەخۆ چینایەتییەکانیاندا خۆیان ڕێکنەخەن و دەست نەدەنە خەباتی یەکگرتووانە و سەرتاسەی لەدژی ئەم بارودۆخە، ژیان و گوزەرانیان هەر بەم شێوە دەبێت و دەسەڵاتدارانی سەرمایە و خاوەنکارانی سەرمایەدار، دەست لە پەرەپێدانی چەوساندنەوەی کرێکاران هەڵناگرن.

❊❊❊

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# داماوی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە بە دروشمی درۆینەی عەداڵەتخوازی و لەژێر نقابی موستەزعەف پەناییدا، دەسەڵاتی سیاسی زەوت کردووە. بەڵام ئەمڕۆ، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، لەگەڵ نیزامێک بەرەورووین کە تەنانەت لە دابین کردنی پێداویستیەکانی خەڵک، کار، نان، ئاو، بەرق، هەوای پاک بۆ هەناسەکێشان، مەسکەن، تەندروستی و دەرمان و پەروەردە داماو و بێتوانایە و زیاتر لە ٦٠%ی خەڵکی ئێرانی بەرەو ژیانی ژێر هێڵی هەژاری بردووە. ئەم داماوی و بێتواناییە تەنیا بەهۆی ناکارامەیی لە بەڕێوەبردن یان گەندەڵی سیستماتیک لە پێکهاتەی ئیداری حکومەتدا نییە، بەڵکوو ریشەی لە پێکهاتەی چینایەتی و سیاسیدایە. کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی ئیدیعا درۆینەکانی، یەکێک لە هارترین و سەرکوتگەرترین ڕژیمەکانی ئەم سەردەمەیە و لەڕێگەی هێزی سەرکوتەوە، جەماوەری ئێرانی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەش کردووە.

لە زۆرێک لە پارێزگاکانی ئێران کەمی ئاو بووەتە قەیرانێکی جدی و درێژخایەن. پچڕانی کارەبا وبرانی ئاو بووەتە رووداوێکی رۆژانە و ژیانی ملیۆنان کەسی تێکداوە. لە کاتێکدا کە پارەی وڵات بۆ پڕۆژەی ئەمنی و سەربازی و هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای کۆنەپەرستانە بۆ وڵاتانی دراوسێ خەرج دەکرێت، خەڵکی خوزستان، سیستان و بەلووچستان، کوردستان و تەنانەت شارە گەورەکانیش لە دەستڕاگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە بێبەشن. وێرانی و پرتووکاوبوونی ژێرخانەکانی وزە و برانی کارەبا، داخرانی کارخانەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، خوێندنگاکان و ئیدارەکانی دەوڵەت، ئەوپەڕی داماوی حکوومەتی ئیسلامی لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگا نیشان دەدات

کۆماری ئیسلامی بە پێکهاتەی چینایەتی و سەرمایەدارانە و ئایدیولۆژیکەوە، بەرژەوەندی کەمینەی ئاخوندەکان، سپاهییەکان و سەرمایەداران نوێنەرایەتی دەکات و سەرچاوەی سەروەتی کۆمەڵگا و بەرهەمی رەنج و کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان تاڵان دەکات. لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا زۆرینەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و مامۆستایان و ژنان و پەرستاران و خانەنشینان نەک هەر نوقم بوون لە هەژاری و نائەمنی کار و ژیاندا، بەڵکوو هاواریان بۆ دادپەروەری بە سەرکوت و گرتن و ئەشکەنجە وەڵام دەدرێتەوە. دەوڵەتی ئیسلامی لەڕاستیدا دەسەڵاتی جێبەجێکاری سەرمایەدارانە. چ سەرمایەدرانی کەرتی تایبەت و چ ئەو بەشە کە لە ناوەندە ئایینی و ئەمنیەتییەکاندا سەروەتی بەرینیان کەڵەکە کردووە

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداراندا هەموو شتێک لە پەروەردەوە تا چاودێری تەندروستی، لە خانووبەرەوە تا ئاو و کارەبا، بووەتە کاڵایەک بۆ فرۆشتن و بەدەستهێنانی قازانج. سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵەکان کە زیاتر لە سی ساڵە جێبەجێ دەکرێن، جگە لە بێبەشکردنی زیاتری کرێکاران و چینە خوارەکانی کۆمەڵگا هیچی دیکەی لێنەکەوتۆتەوە. بە تایبەتکردن بووەتە هۆی گواستنەوەی سەروەت و سامانی گشتی بۆ بازنەکانی دەسەڵات. خوێندنگا ئەهلی یان خسووسییەکان، نەخۆشخانە خسووسییەکان، سپاردنی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە کۆمپانیا خسووسییەکان و هتد، هەر هەموویان بۆشایی نێوان



هەژاری و سەروەتیان قووڵتر کردووەتەوە. لە ئێران خانوو وەک یەکێک لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ئینسان، بووەتە کاڵایەکی لوکس. توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بەتایبەت کرێکاران و پەراوێزنشینانی شار، ساڵەهایە لە دەستڕاگەیشتن بە خانوویەکی گونجاو و شیاو ناهومێد بوون. پرۆژەکانی وەک "مەسکەنی مێهر" یان "نێهزەتی میللی مەسکەن" نەتەنیا نەیانتوانی بارێک لەسەر شانی خەڵک لابەرن، بەڵکوو خۆیان بوون بە بەستێنێک بۆ ڕانتخۆری و گەندەڵی بەرین. لەم پێکهاتەیەدا، خانووەکان دروست دەکرێن، بەڵام نەک بۆ ژیان، بەڵکوو بۆ قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە. لێرەدا مەنتقی سەرمایە حوکم دەکات نەک مەنتقی ئینسانییەت. کۆماری ئیسلامی بە رادەست کردنی کۆنترۆڵی بازاری مەسکەن بە ناوەندە نیزامی و ماڵییەکان، لەم بوارەشدا ڕۆڵی خۆی لە قووڵکردنەوەی بۆشایی چینایەتیدا بینیوە

لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا ئەم ئاستە بێوێنەیە لە هەژاری و نەهامەتی ئابووری لەگەڵ ستەمی وەک جیاکاری نەتەوەیی، رەگەزی و ئایینی تێکەڵ بووە.

ژنان، خەڵکی ژێر ستەمی وەک کوردەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان، تورکەکان، و جیابیرانی ئایینی و جنسیەتی لە سەرەتاییترین مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەرین. ئەم ستەمانە نەهامەتییەکانی نیزامێکە کە لەسەر بناغەی زاڵبوونی چینی سەرمایەدار و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی دامەزراوە. پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی، تەنیا بە پەرەپێدانی ئەم هەڵاواردن و جیاکارییانە دەتوانێ مانەوەی خۆی زەمانەت بکات. لەو نێوەدا ژنانی زەحمەتکێش، کرێکارانی کۆچبەر و لاوانی بێکار، زۆرترین فشار تەحەمول دەکەن و کەمترین بەهرە لە ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی دەبن

کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە، لەڕێگەی دەست بە دەست کردنی دەسەڵاتی سیاسی لەسەرەوەی ئیرادەی خەڵک، لەڕێگەی ڕیفۆرم لەناو پێکهاتەی حکوومەت یان لەڕێگەی گۆڕینی کەسەکان مسۆگەر نابێت. کۆماری ئیسلامی نیزامێکی چینایەتییە لەسەر بنەمای سەرکوت، چەوسانەوە و ئایدیۆلۆژی کۆنەپەرستی ئیسلامی. رزگاری لەم بارودۆخە، پێویستی بە ڕێکخستنی سەرتاسەری بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار و هاوپەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ریزێکی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕانەدا بن. خەبات بۆ دابینکردنی ئاو، بەرق، نان و ئازادی، دەبێ لەگەڵ خەبات بۆ رووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم نیزامە پەیوەند بدرێت. هیچ ڕێگاچارەیەکی ڕاستەقینە بەبێ لەناوبردنی پێکهاتەی ئێستا و بە بێ دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان مومکین نییە

لەم ڕێگایەدا، رۆڵی حیزبی شۆڕشگێڕ، کۆمۆنیست و پێشڕو یەکجار گرینگ و حەیاتییە. حیزبێک کە بتوانێ خواستە پرژوبڵاوەکان و ناڕەزایەتییە خۆڕسکەکان بکاتە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری هوشیارانە، ڕێکخراو و شۆڕشگێڕ. ئەزموون نیشانی داوە کە بە بێ ڕێبەری، شۆڕشەکان سەرکوت دەکرێن یان بەلاڕێدا دەبردرێن. ئەرکی حیزب، نە تەنیا ڕێکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەدژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەرخستنی روخساری ڕاستەقینەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوازییە، بەڵکوو پێشکەشکردنی بەدیلێکی کۆمۆنیستی، رەها و ئازادە. کە تێیدا ئاو، کارەبا، پەروەردە، مەسکەن، دەرمان و تەندروستی و پاراستنی کەرامەتی ئیسان، وە لە یەک کەلامدا ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی مافی هەمووان بێت، نەک ئیمتیازی کەمینەی دەسەڵاتدار

***

## بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

# پێویستی چینایەتی یەکیەتی کرێکاری لەدژی بێکاری

ڕەوتی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و شەپۆلەکانی بێکارکردن، دیاردەی بێکارییان کردووەتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژەی بێکاری لاوانی ١٥ تا ٢٤ ساڵ، لە زستانی ساڵی ١٤٠٣دا زیاتر لە ٢١ لەسەد بووە. هەورەها ڕێژەی بێکاری کەسانی ١٨ تا ٣٥ ساڵیش نیشان دەدات کە لە زستانی ساڵی ١٤٠٣دا، زیاتر لە ١٥ لەسەدیان بێکاربوون. بەپێی هەر ئەم ئامارە بەرینایی بێکاری لە ئۆستانە مەحرومترەکانی ئێران یەکجار زیاترە. بۆ نموونە ڕێژەی بێکاری لە ئۆستانی کوردستان زیاتر لە دوو بەرابەری ڕێژەی مامناوەندی ئێرانە. ئامار و ئەرقامی ڕەسمی نیشانی دەدات کە وەزعیەتی بێکاری لەم ئۆستانانە بەتایبەت سیستان و بەلووچسان، کوردستان و چوار مەحاڵ و بەختیاری خراپتر بووە. هەروەها ڕێژەی بێکاری ژنان چەند بەرابەری ڕێژەی بێکاری پیاوانە. هەڵبەت پێویستە بوترێ کە لە ستانداردی ئامارگیرییەکانی ئێراندا، هەر کەس لەماوەی حەفتەدا دوو سەعات کار بکات، بە بێکار ناناسرێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان و بەپێی فۆرموڵی کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی ئامارگرانی هێزی کار، کەسی دامەزراو و شاغڵ بە کەسێک دەوترێ کە لانیکەم یەک سێهەمی سەعاتی کاری مەرسوومی وڵاتێک لە دەورەیەکی دیاریکراودا کاری کردبێت

بێکاری لە ئێران یانی پاڵپێوەنانی بنەماڵە کرێکارییەکان بۆ ژیان لەژێر هێڵی هەژاری موتڵەق و داسەپاندنی مەرگی شێنەیی. کێشەیەک کە تێکچوونی دەروونی، خەمۆکی، نەبوونی متمانەبەخۆیی و لە خۆنامۆبوونی لێدەکەوێتەوە. ئەم تراژێدیا دڵتەزێنە لێرەدا کۆتایی نایەت. لێکهەڵوەشانی بنەماڵە کرێکارییەکان، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی لە ڕووی ناچاری و هێندێک جار فرۆشتنی ئەندامانی لەش و خۆکوژی لە پەنا ئازارە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، درێژەی مەنتقی ئەم ڕەوتەیە و ژنان و پیاوان، لاوان و تازەلاوان و منداڵانی بنەماڵەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەبنە قوربانی. نابێ لەبیر بکرێ کە لە ئێران زیاتر لە سەدا حەفتای کرێکاران بە گرێبەستی کاتی کار، سپی ئیمزا و یان لەڕێگەی شیرکەتەکانی دامەزراندنی هێزی ئینسانی و پەیمانکاری دەچنە بازاڕی کارەوە. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەم بەشە بەرینە لە کرێکاران تەنانەت ئەو بڕە پارە کەمەی کە بۆ دەورەی بێکاری دیاری دەکرێت بەریان ناکەوێ. کەوابوو لە یەکەمین ڕۆژی بێکاریدا ئابووری و داهاتی بنەماڵە ڕادەگیرێت و موسیبەتەکان دەسپێدەکەن

بێکاری یەکێک لەو نەهامەتییانەیە کە خوڵقێنەرەکەی سیستەمی سەرمایەدارییە. ئەرتەشی پاشەکەوتی بێکاران هەمیشە بۆ خاوەنانی سەرمایە وەک نیعمەتێک وا بووە. ئەم کێشەیە لە سەردەمی قەیراناوی ئێستادا یەکجار بەرین بووتەوە. کۆماری ئیسلامی سەرمایەداران هۆکاری توندبوونەوەی ئەم نەهامەتییە گەورەیەن. لە وەها بارودۆخێکدا خەبات دژبە دیاردەی شۆم و وێرانکەری بێکاری و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵی، بووەتە یەکێک لە کێشەکانی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆمەڵگای ئێران. ناڕەزایەتی و خەبات لەدژی بێکاری لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێت کە دەوڵەتی پزشکیان، وەزارەتی کار و تەعاون و باقی ناوەندە حکوومەتییەکان نەتەنیا ستراتێژی پێکهێنانی کاریان نییە، بەڵکوو بەلەبەرچاوگرتنی قەیرانی ئێنێرژی، خۆیان بێکاری کرێکاران و دیاردەی بێکارییان بەشێوەیەکی بەرین پەرەپێداوە. درێژەی داخرانی ڕۆژانەی ژمارەیەکی زۆر لە کارخانەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران بە بیانووی مایەپوچبوون، شایەدی ئەم ئیدیعایەیە. بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لەڕێگەی پڕۆژە ئابوورییەکانی سپای پاسدارانی گەندەڵ یان کەرتی تایبەت و یان هێنانەخواری ڕێژەی بێکاری لەڕێگەی سازان لەگەڵ ئەمریکا و لابردنی گەمارۆکان و ئازادکردنی پارەی بلۆکەکراو لەلایەن دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا، پووچ و بێبنەمایە. ئامانجی ئەم بەڵێنانە چاوەڕوان ڕاگرتنی کرێکاران و ڕێگری لە وەڕێکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکارانی بێکارە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەوە دەترسێ کە کرێکارانی بێکاریش هەر وەک خانەنشینان لە حەفتەدا ڕۆژێک یان ڕۆژانێک بۆ ناڕەزایەتی سەرانسەری دژی بێکاری تەرخان بکەن

کار و ئەمنیەتی پیشە، یان بیمەی بێکاری و نەمانی گرێبەستی سپی ئیمزا خواست و مافی بێ ئەملا و ئەولای هەموو ژنان و پیاوانی کرێکاری دامەزراو و بێکار و لاوانی خوازیاری کارە. بەڵام ئەم مافە، بە خەباتێکی ڕێکخراو و بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەك دژبە بێکاری دێتە دی. بزووتنەوەیەك کە بارودۆخی بابەتی ئامادەیە و هێزەکەشی، نە تەنیا لەشکری ملیۆنی کرێکارانی بێکار، بەڵکوو ملیۆنان کرێکاری دامەزراو و بنەماڵەی کرێکاری لەخۆدەگرێ کە دێوەزمەی بێکاری ئەمنییەتی پیشەیی لێ زەوت کردوون. بزووتنەوەیەك کە بەهۆی درێژەی قەیرانی ئابووری، شەپۆلەکانی دەرکردنی کرێکاران و خواستە هاوبەشەکانی، دەتوانێ بەخێرایی جەماوەری و بەهێز بێت و حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بخاتە ژێر فشارەوە

بەڵام بەروپێش بردنی ئەم خەباتە و بەهێز کردنی تا ئاستی بزووتنەوەیەکی جەماوەری، پێویستی بە هاوپشتی هەڵسووڕاوان، تۆڕ و کۆڕە وشیارەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران هەیە. لەشکری گەورەی بێکاران و ئاگاداربوون لەو مەترسییە دڵتەزێنە کۆمەڵایەتییانەی کە هەڕەشە لە بێکاران و بنەماڵەکانیان دەکات، پۆتانسیەل و توانای بانی ناڕەزایەتی، بەتایبەت لەناو توێژە خوێندکارە بێکارەکاندا، کە هەموو ئاواتەکانی خۆیان فەوتاو دەبینن، پێکهێناوە. شکڵ گرتنی وشیارانە و هەنگاو بە هەنگاوی ناڕەزایەتی، دژبە بێکاری لە هەمان کاتدا دەتوانێ ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ پێکهێنانی شۆرای کرێکارانی بێکار و ڕێکخراوەکانی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران

❊❊❊



## لە داخوازی و خەباتی کرێکارانی ئەرکانی سالس لە سەنعەتی نەوت پشتیوانی بکەین

بەپێی ڕاپۆرتی شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی پەیمانی نەوت، ڕۆژی سێشەممە ١٦ی مانگی گوڵان، هاوکارانی ئەرکانی سالس لە ناوەندی نەوتی گەچساران لە ناڕەزایەتی بە ناڕوون بوون و یەکلانەکردنەوەی بارودۆخی کارەکەیان، دوای ١٠ تا ١٨ساڵ کار و وڵامنەدانەوە بە خواستەکانیان دەستیان لە کار کێشایەوە و لە بەرامبەر فەرمانداری گەچساران، کۆبوونەوە. کرێکارانی ئەرکانی



سالس لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا و لە ناڕەزایەتی دژبە ملهوڕی پەیمانکاران و دژوارتر بوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بارودۆخی کار و ژیانیان، بانگەوازیان کرد کە لە ڕۆژی ١٧ی مانگی گوڵاندا لە بەرامبەر وەزارەتی نەوت لە تاران کۆبوونەوەی ئیعترازی بەڕێوەبەرن. کرێکارانی ناڕازی ئەرکانی سالسی نەوت ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی مانگی گوڵان بەپێی بانگەوازەکەیان، هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە بەرامبەر بینای وەزارەتی نەوت لە تاران کۆبوونەوەی ئیعترازییان بەرپا کرد. سەرەڕای حزووری بەرچاوی هێزە ئەمنیەتییە لیباس شەخسییەکان و یەگانی ویژە، کرێکارانی ئەرکانی سالس لە ناوچە جۆراوجۆرە عەمەلیاتییەکانەوە لەم کۆبوونەوە ئیعترازییەدا بەشدارییان کرد. کرێکارانی غەیری ڕەسمی لە بەشەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچە دوورەدەستەکان و کرێکارانی نەوت و گازی کاروون و ئەهواز و گەچساران بارودۆخی دامەزراندنیان ناڕوونە. لە وەزعییەتێکی سەخت و دژواردان و بە حەقدەستی زۆر کەمەوە و بە بێ هەبوونی ئەمنیەتی پیشە، خەریکی کارن. گرینگترین داخوازییەکانی کرێکارانی ئەرکانی سالسی نەوت بریتین لە

١ – لەسەرکارلابردنی پەیمانکار و گۆڕینی بارودۆخ

٢ – یەکسان کردنی حەقدەستەکان

٣ – گۆڕینی ی شێوازی حیساب کردنیماڵیات

٤ – بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشەکان

٥ – پێدانی نەوت کارت هەروەک کرێکارانی دیکە

٦ – بەهرەمەندبوون لە خزمەتگوزاری بانکی وەک هەموو کرێکارانی دیکە

٧ – کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزاری و ئیمکاناتی ڕەفاهی

٨ – پێدانی پاداشی هاوسەرگیری و بەدنیاهێنانی منداڵ هەروەک باقی کرێکاران




٩ – پێکهێنانی تەعاونی مەسکەن

١٠ – پێدانی هاوکاتی حەقدەست لەگەڵ کرێکارانی دیکە

١١ – جێبەجێ کردنی بڕیاری ٣١٨٨ی دیوانی دادپەروەری ئیداری

١٢ – حەقی دامەزراندن لە بڕیاری دیوانی دادپەروەری ئیداری

کرێکارانی پەیمانی سەنعەتی نەوتی ئەرکانی سالس یەکێک لە مەحروومترین بەشەکانی چینی کرێکاری ئێرانن. ئەم کرێکارانە سەرەڕای بارودۆخی یەکجار دژواری کارەکەیان، لە سەرەتاییترین مافەکانیشیان بێبەرین و تەنانەت زۆرێک لە بڕگەکانی یاسای کاری دژەکرێکاری ڕژێمیش نایانگرێتەوە. وەزارەتی نەوتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا لە وڵامدانەوە بە داواکارییەکانی کرێکارانی پەیمانی ئەرکانی سالس خۆی دەدزێتەوە کە کرێکارانی ئەم سەنعەتە، زیاتر لە سی ساڵە بەر لە هەمووان کەوتوونەتە بەر هێرشی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ هەرزاکردنی هێزی کار. یەکێک لە گرینگترین سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ کەڵەکە کردنی سەمایە لە ئێران پاش قۆناخی شەڕی ئێران و عێراق کە لە لایەن دەوڵەتەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمییەوە بەکردەوە دەرهات، کاتی کردن، کەم کردنەوەی حەقدەستی کرێکاران و هەرزان کردنی هێزی کاری سەنعەتی نەوت و پاشان پێترۆشیمی بوو. لەو سەردەمەدا، بە پرۆژەی کارمەند کردنی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پاش چەند ساڵ بە سەپاندنی خانەنشینی پێشوەخت و کرینەوەی ئیجباری و سیاسەتی بێکارکردن، لە سەنعەتی نەوت بە شێوەی بەربڵاو، ئەو سیاسەتە بەکردەوە دەرهات. پاشان بە پێی بڕیاری دەوڵەت بە وەزارەتی نەوت، بەشێکی زۆر لە چالاکی و پیشەکانی سەنعەتی نەوت لەوانە پاڵاوتن، بڵاوکردنەوە، گواستنەوەی مادە نەوتیەکان و بەرهەمەکان و هەروەها ڕۆن سازی و مەزروف سازی و خزمەتگوزاریەکانی دیکە و نۆژنکردنەوە، بە شیرکەتە پەیمانکاریەکان سپێردرا. شیرکەت و دامەزراوەکانی ژێردەستی وەزارەتی نەوت بە دانی پارەی کەڵان بە شیرکەتە پەیمانکاریەکان، واستەچیەتی و دەڵاڵییان پەرەپێدا و بەهەموو جۆرێک خۆیان لە دابین کردنی مافی کرێکاران لە بوار حەقدەست و حەقی بیمە و ئیمکاناتی ئیمەنی و ڕەفاهی، دزییەوە

پەرەپێدانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و پەرەپێدانی قەراردادی کاتی، یەکێک لە هەوڵە مێژووییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری لە ئێران، بۆ هەرزان کردنی هێزی کار، بەئەژمار دێت. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە سێ دەیەی ڕابردوو، بە کردەوە دژە کرێکاریەکانی، بابەتی ڕێکخستن و ڕێکخراوبوونی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری، لەم سەنعەتە سەرەکییەی ئێران لەگەڵ گەلێک کۆسپ و بەربەست بەرەوڕوو کردووە. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا کرێکارانی سەنعەتی نەوت بەردەوام لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی توندی حەراسەتدا بوون کە خۆی لە ژێرفەرمانی ڕاستەوخۆی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەستبەسەر کراون و یان لەسەر کار دەرکراون. دەست و پەیوەندەکانی حەراسەت بەردەوام هەوڵیان داوە چالاکانی کرێکاری، بەخاتری پەیوەندی گرتنیان لەگەڵ کرێکارانی بەشەکانی دیکە، بە توندی بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. لەم ڕووەوە مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکارانی ئەرکانی سالس بۆ چەندومین جار لەماوەی مانگەکانی ڕابردوو، نیشانەی هێز و توانای خەباتی ئەم بەشە لە کرێکارانە و خاڵێکی وەرچەرخانە لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێراندا

لە بارودۆخی ئێستادا کە مانگرتن و ئیعترازاتی کرێکارانی ئەرکانی سالس بەردەوامە، پاراستنی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران لە بەرامبەر فشارەکان، لە بەرامبەر تەفرەقەنانەوەی ناوەندەکانی سەربە حکومەت، پاراستنی پەیوەندی نزیکی کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکان و بەشدارکردنی ڕاستەوخۆیان لە بڕیاردانەکان، ڕەمزی پاراستنی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی کرێکارانە. پێویستە بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە خەبات و خواستەکانی کرێکارانی ئەرکانی سالس بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن پشتیوانی بکەن. تەنیا بە بزووتنەوەی هاوپشتی کرێکارییە کە دەکرێت پیلانی دەوڵەت و خاوەنکاران بۆ پشتگوێخستنی داخوازی کرێکاران و فریو و تاکتیکەکانیان بۆ تەفرەقەنانەوە و تێکشکاندنی مانگرتن پووچەڵ بکرێتەوە

***

## کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە شەست و هەشتەمین حەفتەدا؛ پێویستە پشتیوانی لەم هەڵمەتە پەرەپێبدەین

سزای ئێعدام بەدەر لەوەیکە لە چ شوێنێک و بەدەست چ ڕژێمێک بەکردەوە دەردێت، قەتڵی دەوڵەتی و تاوانێکی ڕێکخراوە. سەرانی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران ئەم جەنایەتە لەژێرناوی دیفاع لە ئەمنیەتی گشتی، ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان، بەڕێوەدەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهان نیشانی داوە کە بەڕێوەبردنی ئەم سزایە نەتەنیا کاریگەری بەرێگرانەی نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی لەئاستی کۆمەڵگا و کەمبوونەوەی ڕێز و حورمەتی ئینسانەکان. سەرانی ڕژێم بۆ ئەم کوشتنە لەئانقەست و ڕێکخراوە، یاسایان دارشتووە و قازییان بۆ داناوە و جەلادیان بۆ جێبەجێکردنی حوکم دیاری کردووە. دارشتنی ئەم یاسایانە و پێکهێنانی ئۆرگانی دیاریکردن و بەکردەوەدەرهێنانی حوکم بە خەرجی کۆمەڵگە، بۆ ئەوان کەم هەزینەتر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە هۆکاری تاوان و جەنایەت. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە جێبەجێ کردنی سزای ئێعدام ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی خۆی لەئاست ڕیشەکێش کردنی تاوان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات


بێگومان نیزامێک کە ئامرازی دیفاعەکەی جەلاد بێت، حورمەتێک بۆ مرۆڤ دانانێت و نابوودی نەیارانی بە بابەتێکی ئاسایی دەزانێت و بە دیفاع لە حورمەت و ماف و ئەمنییەتی هاووڵاتییانی لەقەڵەم دەدات. کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی ئەم وەحشیگەرییە نیشان دەدات. قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی ساڵی شەست و حەوت، قەتڵە زنجیرەییەکان لە پاییزی ساڵی حەفتا و حەوت، وەبەرگوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد، کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە بەلووچستان، سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، کوشتنی دەیان کەس لە جەریانی ئاخێزی بەفرانباری ٩٦، کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کەس لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨، کوشتنی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ناڕازییان لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و شەپۆلەکانی ئێعدام لەم ساڵانەی دواییدا، تەنیا چەند نموونەن لە سیاسەتی جەنایەتکارانەی ئەم ڕژێمە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا

هەموو جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ئەو واقعییەتەیە کە ڕژێم بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە سەرکوت، ئێعدام و ئەشکەنجە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینێت. تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاساییش ئێعدام دەکات، ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا و ترساندنی نەیارانی نیزام و بەتایبەت ئەوانەیە کە سوورن لەسەر ئەوەیکە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە ڕژێم بڕووخێنن. بەڵام سەرەڕای هەموو

بێبەزەیەتی و وەحشیگەرییەک کە ڕژیم دەینوێنێت، شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت، کۆمەڵگای چاوترسێن نەکردووە و خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات

کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" کە لە ٤١ زیندانی ئێران بەردەوامە، لە شەست و هەشتەمین حەفتەدا، لەڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە لە ڕێکەوتی ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٤٠٤ ڕایگەیاند کە دەرکردن و جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام لەلایەن دادگاکانی حکوومەتی وەلایەتی فەقیە هەروا بەردەوام درێژەی هەیە. لە سەرەتای مانگی گوڵانەوە هەتا ئێستا، زیاتر لە ٩٦ بەندکراو ئێعدام کراون. واتە بەشێوەی مامناوەند ڕۆژانە لانیکەم چوار کەس لەسێدارە دراون. بەپێی ڕاگەیاندنەکەی ئەم کەمپەینە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ئەمین (پەیمان) "فەرحئاوەر گیساوەندانی"، شاعیر و بەندکراوی سیاسی خەڵکی گیلان، لەلایەن قازی "محەممەد دەرویش گۆفتار"ەوە بە تۆمەتی "بەغی و موحاربە" بە ئێعدام مەحکووم کراوە. هەروەها "ئیحسان فەریدی"، خوێندکاری زانکۆی تەورێزیش لە لایەن لقی دووی دادگای ئینقلابی تەورێز بە تۆمەتی "موحاربە" بە ئێعدام مەحکووم کراوە. پێویستە بوترێ کە ئەم حوکمە دژەئینسانییانە بە بێ ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی بەندکراوان بە پارێزەری هەڵبژێردراو، دەرکراوە. کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لەسەر پێویستی دەستبەجێ و حاشاهەڵنەگری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێعدام تەئکید دەکات و خوازیاری ئەوەیە کە لە هەر گۆشەیەک لە وڵاتی ئێران ئاڵای خەبات لەدژی ئێعدام بەرز بکەینەوە

سێشەممە ٢٣ی مانگی گوڵان، هاوکات لەگەڵ شەست و هەشتەمین حەفتە لە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، کۆمەڵێک لە بنەماڵەکانی زیندانییانی سیاسی مەحکووم بە




ئێعدام، لە پارکێکی تاران کۆبوونەوە و لەڕێگەی بەدەستەوە گرتنی وێنەی ئازیزانی بەندکراویان و بە هەڵگرتنی پلاکارد بە دروشمی وەک "نا بۆ ئێعدام" و "هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێ حوکمی ئێعدام" هاودەنگ لەگەڵ زیندانییانی مانگرتوو لە ٤١ زیندانی ئێران دژبە دەرکردن و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئێعدام ئیعترازیان کرد

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و توانای دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان، نان، ئاو، بەرق و تەنانەت هەوای پاکی بۆ هەناسەکێشان نییە و لە حاڵی خواردنەوەی جامی ژەهری سازان و تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادایە، شمشیری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ خەڵک ئێعدام دەکات. پێویستە لەم بارودۆخەدا بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین لە هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام" پشتیوانی بکەین. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ یەکتر، توانا و وزەی خۆیان لەپێناو سەرتاسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و نارەزایەتی جەماوەری بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەوڵەت بەکار بێنن. داخوازی هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، ئازادی بەندکراوانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرەملێ پێویستە ببێتە داخوازی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. نارەزایەتی دژبە سزای ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەت، بەدەر لەوەیکە ئەم سزایە بۆ ناوبردنی زیندانییانی سیاسی بێت یان تاوانبارانی ئاسایی، ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دوارۆژی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مژدە دەدەن. کۆمۆنیستەکان ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامن و بۆ نەمانی ئەم سزایە لێبڕاوانە خەبات دەکەن.

❊❊❊

# پەرەسەندنی شەپۆلی ئێعدام
# نیشانەی ترسی سەرانی حکوومەتی ئیسلامییە لە ئاخێزی شۆرشگیرانەی جەماوەر

کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" کە بە شێوەی مانگرتن لە خواردن لە ٤١ زیندان بۆ شەست و حەوتومین هەفتە درێژەی هەیە، لە ڕاگەیاندنێکدا کە ڕۆژی سێشەممە ١٦ی مانگی گوڵانی ١٤٠٤ بڵاویکردەوە ڕایگەیاند، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا ٢٩ بەندکراوی ئێعدام کردووە. ڕۆژی ١٠ی گوڵان، ١٥ بەندکراو و ڕۆژی ١٤ گوڵان، ٩ بەندکراو ئێعدام کران. بەمجۆرە، لە سەرەتای ساڵی تازەوە هەتا ئێستا واتە لەماوەی یەک مانگ و نیوی ڕابردوودا ١٥٤ کەس ئێعدام کراون. بەگوێرەی هەر ئەم ڕاگەیاندنە، خوێنرێژانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی وەحشیانەدا، هاووڵاتییەک بەناوی "عەزیم فەرۆخ وەند" کە لەگەڵ ژمارەیەک لە خەڵکی دێزفوول لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی دژبە ئێعدامی دوو بەندکراو بەشداری کردبوو، بە تەقەی گوللەی جەنگی کوشتیان. لە ڕوانگەی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، ناوبراو یەکەمین گیانبەختکردووی کەمپەینی نا بۆ ئێعدامە لە سەرەتای دەستپێکی ئەم کەمپەینەوە

لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەلایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە مانگی ئاوریلی ساڵی ٢٠٢٥دا لانیکەم ١١٠ کەس لە بەندکراوانی لە زیندانە جۆراوجۆرەکاندا ئێعدام کردووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لەم ١١٠ ئێعدامە تۆمارکراوە لە مانگی ڕابردووی زایینی، تەنیا دوو حاڵەتیان واتە کەمتر لە ٢%، لە میدیا فەرمییەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا باسی کراوە. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، ئاماری بەندکراوانی ئێعدامکراو لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵی زایینیدا لە چاو هەر ئەم قۆناغە لە ساڵی ڕابردووی زایینی کە ١٩٥ کەس ئێعدام کرابوون، ڕێژەی ئێعدامکراوان ٧٥% زیادی کردووە. هاوکات




لەگەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی ئێعدامەکان، ڕەشبگیری چالاکانی کرێکاری، مامۆستایان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە درێژەی بووە. بەپێی ڕاپۆرتی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسڕانی تاران و دەوروبەر پێنج کرێکاری مێترۆی تاران، کە بە نوێنەرایەتی هاوکارانی خۆیان پەیگیری ئیسلاحاتی سیاسی لە ئەساسنامەی شیرکەتی مێترۆ و باشترکردنی بارودۆخی پێدانی حقوق و مەزایا بوون، تەنیا یەک ڕۆژ بەر لە ڕۆژی جیهانی کرێکار، لە ماڵی شەخسی خۆیان لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کران. هەتا ئێستا هیچ زانیارییەک لەسەر بارودۆخ و شوێنی ڕاگرتن و تۆمەتەکانیان بڵاو نەکراوەتەوە. لە جەریانی بەڕێوەبردنی مەراسم و کۆبوونەوەکانی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار چەندین کەس دەستبەسەرکران کە ژمارەیەکیان هێشتا ئازاد نەکراون

ئێعدامی ئینسانە بێدیفاعەکان لە پشت میلەکانی زیندان لە بارودۆخێکدا ئەنجام دەدرێت کە هێندێک لە ئێعدام کراوان چەندین جار داوای پێداچوونەوەیان بەسەر حوکمەکەیاندا کردبوو بەڵام داواکارییەکەیان لەلایەن دیوانی باڵای ڕژیمەوە ڕەت کرابووەوە. ژمارەیەک لە بەندکراوانی ئێعدامکراو لەم قۆناغەدا تەنانەت ڕێگەیان پێنەدراوە بۆ دوایین جار چاویان بە بنەماڵەکەیان بکەوێت و هەواڵی ئعێدامکرانیان لەلایەن بەرپرسانی زیندان و ناوەندە پەیوەنیدارەکانیشەوە ڕانەگەیەندراوە

ڕەوتی پەرەسەندنی ئێعدامەکان و ئێعدامی ١٥٤ بەندکراو لەماوەی مانگ و نیوێکدا بە ڕوونی نیشانی دەدات کە دەرکردنی حوکمی ئێعدام لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ پەیوەندییەکی بە بواری یاسایی و قەزاییەوە نییە و کردەوەیەکی سیاسی بۆ پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و بۆ ڕێگری کردن لە سەرهەڵدانی قۆناغێکی دیکە لە

خۆپیشاندانەکانە. کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتیدا هەرکات بەرەورووی قەیرانی سیاسی و ئابووری و شکست و ناکامی لە سیاسەتە سەرەکییەکانی بووەتەوە، بەئامانجی پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەرجۆرە دەنگێکی ناڕەزایەتی لە کۆمەڵگا، دەستی بردووە بۆ ئێعدامی بەکۆمەڵی بەندکراوان، پەرەپێدانی گرتن و سەرکوتی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تا لەم ڕێگەوە درێژە بە دەسەڵاتە دژەئینسانییەکەی بدات. ئێستا لە بارودۆخێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەروبەندی تەسلیم بوون لە بەرامبەر فشارەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و خواردنەوەی جامی ژەهرێکی دیکەدایە، ڕوو بە خەڵکی ئێران شمشیری لە ڕووەوە بەستووە و لە ئەنجامدانی هیچ جنایەتێک دەست ناپارێزێت

بەڵام درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان، ناڕەزایەتی سەرتاسەری خانەنشینان و مامۆستایان و خوێندکاران و خۆڕاگری شکۆمەندی ژنان و خەباتی سەنگەر بە سەنگەریان و ئەزموونی سێ ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەری لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە ئەم شەپۆلانەی ئێعدام و پەرەپێدانی سەرکوت نەیتوانیوە کۆمەڵگا بترسێنێت و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە بەدواداچوونی داخوازییە ڕەواکانیان پاشگەز بکات. بێگومان مانگرتن و ناڕەزایەتی ڕۆژانەی کرێکاران، خانەنشینان، مامۆستایان، ژنانی ئازادیخواز و توێژە بێبەشکراوەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەهێزێکی زیاترەوە درێژەی دەبێت. لەسەر بەستێنی ئەم مانگرتن و ئیعترازاتە، بابەتی خۆڕێکخستن و ڕێبەری بەهێزتر دەبێت و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا لەم ڕەوتەدا پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دابین دەکەن

لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر زیندانەکان لە سەرتاسەری ئێران و بە پشتیوانی لە بنەماڵەی بەندکراوانی مەحکووم بە ئێعدام لەم کەمپەینەدا، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بە خواستی ئازادی بەندکراوانی سیاسی لە ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و خوێندکاران و لەڕێگەی بەڕێوەبردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات، لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی، دەتوانین ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدانی شەپۆلی ئێعدامەکان و لە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناچار بە پاشەکشە بکەین. پێویستە هاودەنگ لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی و کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام"، دژبەم تاوانە ڕێکخراوەی دەوڵەت و دژبەم کردەوە نامرۆڤانەیە بوەستینەوە




# بەیاننامەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتوبووسڕانی تاران و دەوروبەر سەبارەت بە کارەساتی مەرگباری بەندەری ڕەجایی؛ درێژەی نابەرپرسیارێتی و وڵامنەدانەوەی ناوەندەکان

کارەساتی دڵتەزێنی تەقینەوە لە بەندەری ڕەجایی هەتا ئێستا بووەتە هۆی گیان بەختکردنی نزیک بە ١٠٠ کەس، بێسەر و شوێن بوونی دەیان کەس و بریندار بوونی زیاتر لە هەزار کەس. ڕاپۆرتەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لانیکەم لەسەدا ٩٠ی قوربانیانی ئەم کارەساتە کرێکار بوون. لە هێندێک حاڵەتدا تەنانەت ئیمکانی دۆزینەوە یان ناسینەوەی قوربانییان بوونی نییە. ئەم تەقینەوە گەورەیە زیانێکی زۆر و قەرەبوو نەکراوەی بە شۆفێران و کامیۆنداران گەیاندووە. لەم ڕووداوەدا ژمارەیەکی زۆر لە شۆفێران بریندار بوون، بێسەروشوێن بوون، یان گیانیان لەدەستداوە. هەروەها دەیان کامیۆن و بارهەڵگر بەهۆی شەپۆلی تەقینەوە یان ئاگرکەوتنەوە لەناوچوون یان زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە. زۆرێک لەو شۆفێرانە بەهۆی نەبوونی بیمەی تەئمینی ئیجتماعی و بەرنەکەوتنی بیمە بۆ ئۆتۆمبێلەکانیان لە دۆخێکی سەخت و قەیراناویدان. شیرکەتەکانی بیمەش لە دانی خەسارەتی تەواو خۆدەبوێرن. سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە یەک حەفتە لەم کارەساتە هیچ ناوەندێکی ڕەسمی وڵامی بارودۆخی شۆفێران و زیانێک کە بەریان کەوتووە نەداوەتەوە. ئەم کارەساتە و هاوکات کەمتەرخەمی و بێدەنگی بەرپرسان بووەتە هۆی نیگەرانی و تووڕەیی شۆفێران و بنەماڵەکانیان

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید، وێڕای دەربڕینی هاودەردی و هاوسۆزی دووبارە لەگەڵ هەموو قوربانییانی ئەم کارەساتە، لەوانە هاوکارانی شۆفێر، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکارانی بەشی گواستنەوە، لێبڕاوانە خوازیاری بەهرەمەندبوونی گشت شۆفێرەکان لە بیمەی کاملی ئۆتۆمبێل و پۆششی بیمەی تەئمینی ئیجتماعییە. هەروەها، ئێمە لەسەر پێویستی پێدانی کاملی حقوق و مەزایای ڕۆژانی نەخۆشی و بیلاتەکلیفی بە گشت کرێکاران لەلایەن خاوەنکاران و شیرکەتەکانەوە تەئکید دەکەین

ئیعترازاتی شۆفیرەکان و ڕێژەی کامیۆنەکان لە شارە جۆراوجۆرەکان، هێمایەکی ڕوونە لە هاوپشتی چینایەتی و ئیعتراز بەرامبەر بە خولقاندنی کارەسات و کەمتەرخەمی مەرگباری بەرپرسانە. ئەم حەرەکەتانە نەتەنیا دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ هاوکارانی جەرگسووتاوە، بەڵکوو هاوارێکە لەدژی ئەو کارەساتانەی کە دەکرا بە لانیکەمی مشوور و تەگبیرەوە بەریان پێ بگیرێت

ئەم کارەساتە بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە نەبوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆ، سەرتاسەری و بەهێزی کرێکاران، وە نەبوونی نیزامی بیمەی گشتگیر و عادڵانە، کرێکاران لەوانە شۆفیران، لە کاتی قەیراندا بێ پەنا و زیانهەڵگر دەکات. لەم ڕووەوە، ئێمە خوازیاری ئەوەین کە ناوەندە بەرپرسەکان دەستبەجێ وڵامدەرەوەی ئەم کارەساتە بن. زەرەر و زیانەکان قەرەبوو بکەنەوە و بۆ دابین کردنی ئەمنیەتی کاری و گیانی و پیشەیی گشت کرێکاران لەوانە شۆفیری کامیۆنەکان، هەنگاوی بەپەلە و کرداری هەڵگرن

**چارەسەر بۆ کرێکاران یەکگرتوویی و ڕێکخراوە.**

**بەیاننامەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتوبووسرانی تاران و دەوروبەر**

١٤ی گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی

***



# شێعر

## گفت و گۆ

دوێنی شەو
لە خەوما نازانم لێرە بوو یان لەوێ
من و تۆ
لە خۆشی ئەم جەژنە
باڵمان لێ ڕوابوو
هەڵ ئەفڕین
ئەگەڕاین
شار بە شار
دێ بە دێ...
دەمان دی
لەم کوچە ئەو کۆڵان ئەو مەیدان
پڕ پڕی پانایی خیابان
کۆمەڵی ژن و پیاو...
لە خەوما
لە هەر کوێ
هەڵ ئەفڕین
ئەنیشتین
دەمان دی: دارستان
دارستانێک ئینسان، وەک دەریـ
ئاسمانێک ئەستێرەی چاوی گەش
جەنگەڵێک دەست و مشت
وەک شەپۆل وەک دەریـ
خرۆشاو....
دەمان دی
کاکۆڵی شیعار و پلاکارد
بە نەسیمێکی شاد شنەی دێ
کاکۆڵی ئاڵاکان
وەک پۆلە پەروانە
وەک گڕ
وەک بڵێسە
ورشەی دێ
دەمان دی
لەم کۆڵان دەستەیێ
لەو مەیدان گوردانێ
هەر شارێ لە شکرێ
وەک سان و ڕێژە
ڕیزی خۆی دەپێکێ
فوارەی هەزاران هاواری یەکیەتی
لە هەر دەم دەپشکوێ
لە خەوما
هەستمان کرد
چۆلەکەی چاوی دڵ
لە خۆشیان شارە وشار
چڵا و چڵ
هەڵ ئەفڕێ.
هەستمان کرد
پەپوولەی گوێچکەی دڵ
لە خۆشیان
گوڵا و گوڵ ئەنیشێ
وتم پێت
وەرە با
بت بەمە مەیدانی سەر چاوەی
ئەم کانی شادی یە
کە ئاواهەڵ ئەقوڵێ
بیستوتە؟
ئەفسانە و ڕازی کۆن
پڕن لە قسەی وەک "چەند چۆڵ چەند بیابان" ؟
ئێستاکە
تەماشا!
کام چۆڵایی ماوە
کە دەستمان
بە چاوی چەپ و ڕاست
تەقەڵی ڕێی ئاسن
لێکی نەدووریبێ؟
لەم عەرزەی
خاڵ بە خاڵ گوڵدۆزی کراوە
لەم فەرشە بەرینەی بەهاران
کوا شوێنێ
ڕۆخانەی ڕەنج و کار،
جەنگەڵی شاران و
گوڵزاری کارەبای
لێ نەشکۆفابێ؟
کام دەریا سەرشێتە
هەزارەها زینی کە شتیما ن
خستۆتە سەر کۆڵی
خەیاڵی سەر شێتی بڕیوە!
ئاسمان
ڕوون بێ یان ڕوو گرژ و هەوراویی
ژێر باڵی تەیارەی فڕینمان کەوتووە
پەنجەمان تا ئەو دیو ئەستێران بردوە
چنگمان بە کاکۆڵی فەلەکدا کردوە
لە خەوما
هەر ئەفڕین و ئەم وت
سەیرکە!
سەراسەر دیمەنی قودرەتە!
لە خەوما
تۆش ئەت وت:
ئەی ئەو دیو نابینی؟
ئەو دیوی ئەم دارستانە خۆشە نا بینی ؟
نابینی کردەوەی من کردەوەی تۆ
گیرفانی قودرەتی ئەوانەی پڕ بە پڕ خنیو ە ؟
نا بینی ئەو هێزەی تەفرەقەی من و تۆ
بە وانی بەخشیوە؟
لە خەما
ئەفڕین و تۆ ئەت وت:
ئەو هەموو سەر نێزە نابینی ڕیز بە ڕیز؟
نابینی مەرزەکان کۆمەڵێک زنجیرن؟
هەر وەک تۆڕ ڕوخساری جیهانیان پۆ شیو ە ؟
نا بیستی ئەو دەنگەی کە دەڵێ
ئەم ژنە، ئەو پیاوە
ئەم کوردە، ئەو عە جە م
ئەم ئێران، ئەو تووران
ئەم ڕەشە ، ئەو سپی
ئەم فەلە، ئەو جووە، ئەویتر موسوڵمان؟
پاشانیش ئاخێکت هەڵکێشا و
وتت پێم: ئەمانە شمشێرن پەیکەریان لەت کردووین
ئەمانە زنجیرن دەست و پێی پەت کردووین
ئەمانە دیوارن ڕێ دەستی لێ گرتووین!
لە خەوما وتم پێت:
دەی ئێمە خواوەندی جیهانی ئاوەدان
ڕام کەری دەریای شێت
ئاسمانی بێ ئەو پەڕ،
فەلەکی بێ کەران،
ئێمەی خزری زیندوو
کە ئەچینە هەر کوێ
گوڵزاری ژیانە لە ڕەنجمان ئەشکۆفی
گوایە بۆ نەتوانین
ئەم شمشێر- زنجیرە دیوار
بشکێنین،
هەڵبڕین،
یەک سەر بی ڕ و و خێنین ؟
لە خەوما
دەستم لە دەستت نا
هاوپەیمان بووینەوە
لەم ڕۆدا
لەم ڕۆژی ڕەمزەدا بڕیار دەین
بەسیەتی برسیەتی و تەفرەقە و نەگبەتیی!
وەختیەتی وشیاری و هاو پشتی و یەکیەتی!

"ڕێبوار"

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱٦:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی


### پێشـــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)



نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۰۰٤٦۷٦۰۸٥٤۰۱٥
۰۰٤۷۹۹۸۹٥٦۷٤
۰۰٤۳٦٦۰۱۱۹٥۹۰۷